http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.204

# کاریزما وەک بزوێنەری مێژوو: خوێندنەوەیەک بۆ رۆڵی کاریزما لە مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەدا

جەعفەر عەلی رەسول
زانکۆی ڕاپەڕین-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو


## پوختە

دەتوانین بڵێین، مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەدا، بە پلەی یەکەم مێژووی ئامادەبوونی میرانی میرنشینەکان و شێخەکانی تەریقەت بووە لە نێو جوڵانەوەی رزگاری گەلی کورددا. قسەکردن لەم ماوە مێژووییەو لێکۆڵینەوە لەبارەی هەر دوو دیوی ناوەوەو دەرەوەی، بەبێ ناسینی کارەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی، قسەکردن و لێکۆڵینەوەیەکی پڕ لە کەموکورتی دەبێت. چونکە ئەوەی کارەکتەری سەرەکی نێو رووداوەکان و هەندێکجاریش بزوێنەری مێژوو بووە لەم ماوەیەدا، میرانی نێو سیستەمی میرنشینایەتی و شێخانی نێو سیستەمی تەریقەتەکانی سۆفیزم بوون. ئەوە ئەوانن دەبنە کەسی یەکەمی دەسەڵاتدار لە هەرەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، ئەوانن لە ناوەوە لە رێگەی پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی و ئابووریانەوە لە شێوەی کاریزما دەردەکەون و خەڵک لە پشتیان دەوەستێتەوە. دڵسۆزی بۆ میر، رەنگە گرنگترین هۆکار بووبێ بۆ پابەندبوون بە یەکدی و بەهێزکردنی تەونی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری میرنشینەکە. میران زیاتر لە ڕێی پێگەی خێڵ و بنەماڵەوە، نەک هێز و توانای خۆیان وەک تاک، بە لوتکەی دەسەڵات گەیشتبوون، واتە سەرچاوەی هێزیان لە پاشخانی خێڵ و بنەماڵەوە هاتبوو، نەک لە کاریزمابوونی خۆیان.

ئەم بۆچوونە بە هەندێک جیاوازییەوە، بۆ دەسەڵاتی شێخانی تەریقەتیش راستی زۆری تێدایە. شێخانی تەریقەت، کە دوای دەسەڵاتی میرایەتییەکان، جڵەوی سەرکردایەتی جوڵانەوەی سیاسی کوردیان بە ئەستۆ گرت، وێڕای هێزو توانا شەخسییەکانیان، هێشتا قورس بوو بتوانن لە دەرەوەی ئەو پاشخانە ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی، کە لە بنەماڵەکانیانەوە بۆیان بەجێمابوو، بتوانن وەک کاریزمایەک دەربکەون و خەڵک لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو وەک بوونێکی پیرۆزیش بیانبینن.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، ئەوەمان بۆ روونده‌بێتەوە، کە زەمینەی بابەتی و پاشخانی بنەماڵەیی و هێزی کەسایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی، هەموو ئەوانە بە یەکەوە سەرزەمینێک دەڕەخسێنن، کە تێیدا شێخ وەک کاریزمایەک دەربکەوێت و رێبەرایەتی گەورەترین راپەڕینی جوڵانەوەی سیاسی کورد تا ئەو رۆژگارە بگرێتە دەست.

شێخ عوبەیدوڵڵا وەک کاریزمایەک بۆ وەڵامدانەوەی پێویستی کۆمەڵایەتی قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورد هاتە بوون و، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا وەک پیاوی پێویستی قۆناغەکەو کاریزمای بزوێنەری مێژووی کورد دەرکەوت.

مێژووی سەدەی نۆزدەی کورد، هێندەی مێژووی کارەکتەری میر و شێخەکانە، هێندە

مێژوویەکی گشتی نییە، گشتی بەو مانایە نا کە دەبێ سەرکردەکان لە دەرەوەی سیاقە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکە ببینین، بەڵکو بەو مانایەی کە ئەوە ئەوانن توانیویانە لە لوتکەی دەسەڵاتدا خەڵک بجوڵێنن، بڕیاری شەڕ و ئاشتی بدەن، پەیوەندی ناوەکی و دەرەکی بکەن و ئاراستە بە مێژوو بدەن.

## پێشەکی

مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەدا، بەسەر دوو قۆناغی جیاوازی دەسەڵات لە ناوەوەدا دابەش دەبێ، یەکێکیان، دەسەڵاتی میرایەتییەکان و ئەویدیکەیشیان، دەسەڵاتی شێخانی تەریقەت، کە بە پلەی یەکەم خۆی لە کەسایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا بەرجەستە دەکات. ستراکچەری کۆمەڵایەتی و سیاسی میرنشینەکان ئەڵقەیەکی گرنگن لە کۆی مێژووی کورد. مێژووی میرنشینەکان وەک سیمبولی شکۆ و خەبات بۆ ئازادی دەبینرێن و بۆتە جێگە بایەخی مێژوونووس و نوسەران.

ڕێبەرانی بزووتنەوەکانی کورد لەم سەدەیەدا، لە سیستمی میرنشینایەتیدا جۆرێک لە پیرۆزی و دواتریش لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی شێخاندا، خەسڵەتێکی تێکەڵ بە پیرۆزی ئایینی و نەتەوەیی وەردەگرن. پرۆسەی سیاسی لە کۆمەڵگەی میرنشینیدا تا ڕادەیەک بە نێو پەیوەندی بە یەکەوە گرێدراوی ستراکچەری کۆمەڵایەتی و سیاسی خێڵ و میرنشیندا تێپەڕیوە، میرنشین و خێڵ بە یەکەوە هەبوون و کاریگەرییان لەسەر یەکدی داناوە. میرەکانی کورد دووربوون لەوەی هەڵگری سیفەتی کاریزمایی بن، زیاتر لەم سەرۆک خێڵ و جەنگاوەرە مەیدانیانە چوون، کە لە ڕێی خێڵ و بنەماڵەوە بە لوتکەی دەسەڵاتی میرنشینەکان گەیشتوون. تا دەسەڵاتی میرەکان گەورەتر بوایە، ڕووبەری بە پیرۆزکردنیان زیاتر و ڕادەی گوێڕایەڵی و ملکەچی خەڵکیش لە بەردەمیاندا فراوانتر دەبوو.

لە نیوەی دووەمی هەمان سەدەدا، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری وەک پیاوی پێویستی قۆناغەکە جڵەوی ڕێبەرایەتیکردنی جوڵانەوەی سیاسی گەلی کوردی گرتە دەست. ئەو ڕۆژگارە دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستی ناوەوە لەوپەڕی خراپی و لە ئاستی دەرەوەش پەیوەندییەکانی ناجێگیر بوون، بۆیە لە چاوی خەڵکی کوردەوە دەرکەوتنی کاریزمایەک، کە هێزی ڕێبەرایەتیکردن و پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و کۆمەڵایەتی قۆناغەکەی هەبێت وەک پێویستی دەبینرا، کاریزمایەک بتوانێ بەرەو دۆخێکی باشترو ئارامتریان بەرێت. شێخ عوبەیدوڵڵا، کە لە دونیای ڕۆحی و مادیدا میراتگری ئایینی و ناو و ناوبانگی خێزان و بنەماڵەکەیان بوو ، تا ئاستێکی باش لە بینینی ژمارەیەکی بەرفراوانی خەڵکی کورد، بوو بەم ڕێبەرە کاریزمایی و فریادڕەسە، کە توانای وەڵامدانەوەی قۆناغە کوردییەکەو پێویستییە کوردییەکەی هەبێت.

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان جەختکردنەوەیە لەسەر ڕۆڵی میران و شێخەکان وەک تاکەکەس لە ئاراستەکردنی قۆناغەکەو مانادان بە مێژوو. ئایا دەشێت مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەدا بە مێژووی ئامادەبوونی قارەمان، کاریزما، ناو ببەین، تا چەند میرەکانی کوردو شێخەکانی تەریقەت هێزی ئەوەیان هەبووە بتوانن وەک کاریزمایەک جوڵە بە مێژووی کورد بکەن و ڕووداو دروست بکەن.

لەم توێژینەوەیەدا، كە دابەشكراوە بەسەر دوو باسدا، هەوڵدراوە بە پشتبەستن بە میتۆدی شیكاریی- رەخنەیی، وەڵامی بەشێک لەم پرسیارانە بدەینەوە.

**كليله وشه**: كاریزما , مێژوو: ,كورد , سەدەی نۆزدەدا, خوێندنەوە.

## باسی یەكەم: كۆمەڵگەی میرایەتی، میری قارەمان

لەم باسەدا هەوڵدراوە، لە دوو تەوەرەی جیاوازدا، سەرەتایەكی گشتی لەبارەی ژیانی گشتی لە كۆمەڵگەی میرایەتی و دواتریش كۆمەڵگەی میرایەتی و میری قارەمان بخەینە روو.

تەوەرەی یەكەم: سەرەتایەكی گشتی لەبارەی میرنشین و كۆمەڵگەی میرایەتی

میرنشین بە تەنها بریتی نەبوو لە پێكهاتەیەكی سەربازی و خێڵ ناوەڕۆكەكەی پێكهێنابێت، بەڵكو بریتیبووە لە یەكێتییەكی كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی تایبەت بەخۆی. میرنشین هەر بە تەنها لە خێڵ گەورەتر نەبووە، بەڵكو لە رۆڵی سیاسی و كاریگەری كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریشدا، زۆر لە خێڵ جیاوازتر، بەڵكو پڕ بایەختریش بووە.

لەباری سیاسییەوە، میر پێگەی حاكمی باڵای هەبووە، دەسەڵاتەكەی بۆ ژمارەیەک خێڵ و گوند و شارۆچكەی جیا جیا درێژبۆتەوە. میر وەكچۆن بەرپرس بووە لە كاروباری ئابووری و كۆمەڵایەتی، بەرپرسیش بووە لە پارێزگاری لە خەڵک و چاودێریكردنی دامودەزگاكانی سنوری دەسەڵاتەكەی. سەرچاوەی رەوایەتی دەسەڵاتی میر لە حوكمڕانیدا، هێزی لە پاشخانێكی مێژوویی و سیاسی و كۆمەڵایەتی لە پێشتر وەردەگرت، زۆرجاریش میرانی كورد بە راست یان نا راست، زنجیرەی نەسەبی پیرۆزی ئایینی و كۆمەڵایەتی دوورو درێژیان بۆ خۆیان هۆنیوەتەوەو ریشەی بنەماڵەیی خۆیان بردۆتەوە بۆ یەكێک لە زنجیرەی حاكم و كەسایەتییە بەناوبانگەكانی مێژووی رابردوو[1]. لەم رێگەیەوە میران مەبەستیان بوو ناسنامەی مافی فەرمانڕەوایەتیكردنی كۆی دانیشتوانە لۆكاڵییەكان بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێشینەی كۆمەڵایەتییان بەخۆیان ببەخشن.

چەمكی رەوایەتی سیاسی لە دیدی خەڵكە گشتییەكەوە، جۆرێک لە تایبەتمەندی بە دەسەڵاتی میرانی كورد بەخشیوە، كە رەنگە دیارترینی ئەم تایبەتمەندیانە، بیرۆكەی بێلایەنی میر بووبێ وەک حاكمێک كە بە تەنها نوێنەرایەتی گروپێكی مرۆیی دیاریكراو ناكات، بەڵكو نوێنەرایەتی تەواوی خێڵ و توێژە كۆمەڵایەتییەكانی جوگرافیای دەسەڵاتی دەكات و هەمووان وەكیەک دەپارێزێت. وەهمی بێلایەنی میر، سیفەتێكی كاریزمایی بە كەسایەتی میر دەبەخشی، بەجۆرێک لەلایەن خەڵكە گشتییەكەوە وا دەبینرا، كە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو بۆ

---

1. نەریتی گەڕاندنەوەی زنجیرەی نەسەبی فەرمانڕەواكان بۆ كەسایەتییە دیار و پیرۆزەكان، دیاردەیەكی كۆنەو تایبەت نییە بە كورد، زۆربەی حاكم و فەرمانڕەواكانی دەوڵەتی ئومەوی،عەباسی،عوسمانی، سەفەوی، زنجیرەی نەسەبی بنەماڵەكانیان گەڕاندۆتەوە بۆ بنەماڵە و كەسایەتییە گەورەكان. بۆیە خانەوادەی فەرمانڕەواكانی كوردیش لە پەنابردنیان بۆ ئەم دیاردەیە لەمڕوانگەیەوە بووە، كە دەیانزانی لەم رێگەیەوە بایەخ و پێگەیان لەلای كوردان گەورەتر و پتەوتر دەبێ. بۆ نموونە، میرانی بەتلیس و بادینان و چەمشكزک، نەسەبی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ خەلیفەكانی عەباسی، میرانی جەزیرە بۆ خالیدی كوڕی وەلید، ئەردەڵانییەكان بۆ سەڵاحەدین، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و شام، یان وەک مەستورە نوسیویەتی: بەنی ئەردەڵان لە رەچەڵەكدا دەگەنەوە بە ئەردەشێری بابەكان و.... هتد. بڕوانە: شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، و: هەژار، چاپخانەی نعمان، نەجەف،١٩٨١، ل٢٧٢، ٣٤٣، ٤١٤، ٤٢٨، ٤٨٤؛ مەستوورەی كوردستانی، مێژووی ئەردەڵان، و: د.حسن جاف و شكور مصطفى،چ١، دار الحرية للطباعة، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا ،١٩٨٩،ل١٤؛ سعد بشير اسكندر، قيام النظام الاماراتي في كردستان وسقوطه مابين منتصف القرن العاشر ومنتصف القرن التاسع عشر،ط٢، مطبعة شڤان، بنكەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٨، ص٤٢- ٤٣.

ڕێبەرایەتی دروستکراوە. بۆیە دەبینین بە درێژایی مێژووی میرنشینەکانی کوردستان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتییان، کوردەکان پابەندی و ملکەچییەکی بێ مەرجیان بۆ زنجیرەی میرایەتییەکانی کورد پیشانداوە. زۆربەی کات کوردەکان بە بەرزی و بە چاوی ڕێزەوە دەیانڕوانییە زنجیرەی بنەچەی میرایەتییەکان و تەنانەت هەندێکجار وەک بەخششێکی خودایی سەیریان دەکردن، چونکە پێگە و ناو و ناوبانگی ئەوانیشی لەلای ئەوانیدی دەرەوەی خۆیان پتەو و بەهێزتر دەکرد[2].

لە کوردستاندا ئاستی هەرە بەرزی کامڵبوونی سیاسی کوردان تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، شێوەی سیستمی میرایەتی بووە. مێژوو و ستراکچەری کۆمەڵایەتی و سیاسی میرنشینەکان ئەڵقەیەکی گرنگن لە کۆی مێژووی کورد. مێژووی میرنشینەکانی کورد لە ڕەوشی ئایدیۆلۆژی ئێستای کوردستان و تەنانەت لە نێو ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەکادیمیەکانیشدا، وەک سیمبولی شکۆ و تێکۆشان بۆ ئازادی کوردان دەبینرێن و ڕۆژ بە ڕۆژ لەلای مێژوونووس و سۆسیۆلۆژیستان بایەخی زیاتر پەیدا دەکەن، بەڵام جۆرێک لە بایەخ کە بەشی هەرە گەورەی لاپەڕە نوسراوەکانی لەسەر بینینی تەنها یەک دیو، واتە دیوە پۆزەتیڤەکەی سیستمی میرنشینایەتی دامەزراوە، نەک لەسەر شیکار و راڤەیەکی نا ئایدیۆلۆژی و ڕەخنەگرانە و هەوڵدان بۆ بینینی دیوە پەنهان و شاراوەکانی[3].

لە کۆمەڵگەی میرنشینیدا، میر لە لوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدا بوو، لەم کۆمەڵگەیەدا پێگەی کۆمەڵایەتی و سامانی مادی توند بە پاشخانی خێزانی بنەماڵەیی، دواتریش توانای سیاسییەوە گرێدرابوو. لە هەرەمی کۆمەڵایەتی خێڵیشدا، دوو شێوە دابەشبوون هەبوو، یەکیان، لە نێو خودی یەک خێڵدا، کە خۆی لە جیاوازی نێوان خێزان و بنەماڵەکاندا دەبینیەوە، لەم هەرەمە ناوەکییەدا، خێزانی سەرەکی یان بنەماڵەی سەرەکی، کە میر سەر بە ئەوان بوو، لە لوتکەی هەرەمەکەدا پێگەی سەرکردایەتیان گرتبوو، تەواوی بنەماڵەو خێزانەکانی دیکەیش بە شێوەیەکی پلیکانەیی و بەگوێرەی هێزی پابەندی نەسەب و نزیکی پەیوەندی خوێن لە خێزانی میرانەوە، بە دوای یەکدیدا دەهاتن. هەرەمی دووەمی خێڵەکی لە نێوان خێڵە جیا جیاکانی میرنشینە جیاوازەکاندا بوو، بەجۆرێک خێڵێک کە میر ئینتیمای بۆی هەبوو، پێگەی لوتکەی هەرەمەکەی دەگرت و دوای ئەویش بەپێی بایەخی جەنگی و پیشەیی، خێڵەکانی دی لە ریزبەندی دوای خێڵی میرەوە جێگەیان دەگرت[4].

میر وەک کەسی یەکەم و خاوەن بڕیاری میرنشین، دەسەڵاتی بەسەر ژیان و سامانی هەموو ئەو خەڵکانەوە هەبوو، کە لە سنورەکەیدا گوێڕایەڵ و ملکەچی بوون. کاریگەری میر وەک تاکەکەس، یان ئەگەر دروست بێ بگوترێ وەک کاریزمایەکی لۆکاڵی و پشتیوانیکردن و شوێنکەوتنی ئەو تاکەکەسە، کە لە لوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدا جێگەی گرتووە، بە تەنها سیمای دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی نەبوو، بەڵکو سیمایەکی کوردستانیشی هەبوو، کە میرنشینەکان نوێنەرەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی بوون، جا ئەگەر میر وەک فەرمانڕەوای میرنشین سەر بە ئێران، یان عوسمانی بووبێ. میرانی کورد ئەگەر زۆرجار شێوەی پەیوەندیان بە دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی

---

2. پروانە: سعد بشیر اسکندر، مصدر نفسە، ص ٤٢- ٤٣.

3. ی.ئی.ڤاسیلیەڤا، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە (کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان)، و: ڕەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،١٩٩٧،ل٥٣.

4. پروانە: سعد بشیر اسکندر، مصدر سابق،ص٩٧- ٩٨.

گەیشتبێتە ئاستی ملکەچی و چەمانەوەش، ئەوا هێشتا لە دیوی ناوەوەی میرنشینەکانیاندا وەک کەسایەتییەکی کاریزمی و وەک قارەمانێک بینراون. ڕەنگە ئەوەندە بەس بێ، کە بڵێین، مەئمون بەگی دووەمی ئەردەڵان لە کڕنوش بردنیدا بۆ سوڵتان مرادی سێیەمی عوسمانی(١٥٧٤-١٥٩٥)، خۆی بە کۆیلە ناودەبات، نەک شتێکی دی، نازناوی ڕێزداری یەکێک لە میرانی ئەردەڵانیش غوڵام شاخانە، کە بە مانای "خانی خزمەتکاری شا دێت[5]. کەریم خانی زەندیش (١٧٥٠-١٧٧٩)، کە لە ساڵی (١٧٦٠) ەوە فەرمانڕەوای بەشێکی ئێران بووە، بەڵام لە بری شا، حاکم، فەرمانڕەوا، یان هەر ناوێکی دیکەی لەمجۆرە، نازناوی "وەکیل رعایا" یان "وەکیل" هەڵدەبژێرێ[6].

وێڕای هەموو ئەمانەش، بەشی گەورەی ڕێبەرانی بزووتنەوەکانی کورد لە ژیانی میرنشینایەتیدا جۆرێک لە پیرۆزی و دواتریش لە ڕۆژگاری شێخاندا خەسڵەتێکی مەسیح ئاسایان پێوە دیارە. بەشداربووانی بزووتنەوەکان پړوای تەواویان بەوە هەبووە، کە ڕاپەڕینێکی سەراپایی و گوێڕایەڵی و دڵسۆزی بۆ سەرکردە، بەسن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی چاکتر و ژیانێکی شیاوتر بهێنرێتە بوون[7].

تەمەنی دوورودرێژی مانەوەی خانەوادەی بەشێک لە بنەماڵەکانی فەرمانڕەوای میرنشینەکان، نەک تەنها ناو و ناوبانگ و ڕەوایەتی دەسەڵاتیانی لە ڕووی سیاسی و هێزی ئابووریشی گەورەتر کردبوون، بەڵکو خەرمانەیەکی پیرۆزیشی لە نێو هۆشیاری کۆمەڵایەتی خەڵکیدا بۆ دروستکردبوون. لەمبارەیەوە (ڤاسیلیەڤا) نوسیویەتی: "خانەوادەی بنەماڵەکانی میرانی ئەردەڵان و بابان لە ماوەی چەند سەدەیەکدا توند خۆیان چەسپاند، ئەم مانەوە دوورودرێژە لەم پلە و پایە کۆمەڵایەتییەدا بایەخێکی کۆمەڵایەتی پێبەخشین و بوو بە هۆی گەورەبوونی ناو و ناوبانگی خانەوادەکانیان. ئەو فاکتەرەی کە چەند سەدەیەک بوو حوکمڕانیان کردووە خۆی لە خۆیدا بوو بە بەڵگەی ڕەوایەتی دەسەڵاتیان و جێگیربوونی پرینسیپی پیرۆزی دەسەڵات لە نێو هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا، کە هەر تەنها یەک هەنگاو دوور بوو لەوەی ببێت بەجۆرە ئایینێک"[8].

پیرۆزکردنی دەسەڵاتی میرە کوردەکان، جگە لەوەی خرابووە نێو قەوارەی باوەڕەوە، یەکێک لەو فاکتانەیە کە زۆرێک لە نوسەران ددانیان پێداناوە، بەجۆرێك ڕەنگە قورس بێت بەبێ ئەم پیرۆزکردنە، ئەم پلە بەرزە ڕوونبکرێتەوە، کە میرەکان و بنەماڵەی میران دوای لە دەستچوونی دەسەڵاتیشیان هەر پاراستبوویان[9]. برونەسن[10] لەمبارەیەوە نوسیویەتی: "من دەزانم زاراوەی

---

5. ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

6. ستیڤن هیمسلی لونگریک، أربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث، نقله الی العربیة: جعفر الخیاط،ط٥، دارالرافدین للطباعة والنشر، بیروت،٢٠٠٤،ص٢١٤؛ كمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، مطبعة أركان،بغداد،١٩٨٥،ص٢٣٣؛ باسيلي نيكيتين، الكرد (دراسة سوسيولوجية وتاريخية)، ت: د.نوري طالباني، تقديم: لويس ماسينون،ط٣، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر،السليمانية،٢٠٠٧،ص٢١٤؛ ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٧.

7. مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: د.کوردۆ عەلی،ب٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣،ل ٢٠٢- ٢٠٣.

8. ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.

9. هەمان سەرچاوە،ل٢١٨.

10. مارتین ڤان برونەسن (Martin Van Bruinessen) نوسەر و سۆسیۆلۆژیستێکی هۆڵەندییە، ژمارەیەک نوسین و لێکۆڵینەوەی گرنگی سەبارەت بە کورد، تورک و فارس و ئیسلام هەیە. لە (١٩٩٤)ەوە کوردناسی و تورکناسی لە زانکۆی ئوترەختی هۆڵەندی دەڵێتەوە. www.wikipedia.org

کاریزما بە مانای کەسایەتییەکی دیار و بە ناوبانگ، تەنها ئەتەکێتێکەو هیچ رووناکاتەوە، وەلێ پێویستە جەخت لە سروشتی کاریزماییانەو کەسایەتیی میرەکان بکرێتەوە. پاش تێپەڕبوونی یەک سەدە زیاتر بەسەر داڕمانی دواهەمین میرنشیندا، هێشتا بەوپەڕی رێزەوە یادی خانەوادەی میرەکان دەکرێتەوە و باس دەکرێن"[11].

کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، هەر وەک سەدەکانی پێشتر، بەسەر قەوارەی میرنشینی جیا جیادا دابەش ببوو، هەر میرنشینێک جۆرێک لە سەربەخۆیی هەبوو، دانیشتوانی ئەم میرنشینانە لە شار و گوند و خێڵەکانی کورد پێکهاتبوون. سەرۆکی خێڵ خاوەنی گوند و زەوی و زارە کشتوکاڵییەکان بوو، وەرزێر و جووتیاری کورد لە خزمەتی ئەواندا کاریان دەکرد، هەلومەرجی کشتوکاڵی و سیستمی دەرەبەگایەتی وەک رۆژگاری بارۆن و میرەکانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست بوو، سەرۆکە گەورەکان بەرپرسی سەرۆکە بچووکترەکان بوون، بەمجۆرە ئۆرگانی سیاسی ئەم تیرەو هۆزانە شێوازێکی فیوداڵی بوو[12]. واتە سیستمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان باڵادەست بوو، کوردستان بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ دادەنرا[13].

ئێمە مەبەستمان نییە مێژووی میرنشینەکانی کورد بنوسینەوە، هێندەی گەرەکمانە لە ڕێی شەن و کەوی رووداوەکانەوە، بزانین میرەکانی کورد لە کۆمەڵگەی میرایەتیدا لە کوێی رووداوەکاندا وەستاون. تا چەند توانیویانە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەدا بکەن، چەندیش رۆڵی پۆزەتیڤانەیان لە دروستکردنی رووداودا بینیوەو توانیویانە وەک کاریزمایەک و وەک کارەکتەرێکی بنەڕەتی هێزی بزوێنەری مێژوو دەربکەون. لە تەوەرەی دووەمدا هەوڵدراوە لە وەڵامی ئەم پرسیارانە نزیک ببینەوە

## تەوەرەی دووەم: کۆمەڵگەی میرایەتی، میری قارەمان

لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە لە نێو رووداوەکانی ژیانی چەند میرنشین و میرێکی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، لە ڕێی شیکار و رەخنەکردنەوە، بە بەشێک لە وەڵامی بەشێک لەم پرسیارانە بگەین، کە لە کۆتایی تەوەرەی یەکەمدا خرایە ڕوو، بێگومان وەک تێگەیشتنی ئێمە، نەک دوا تێگەیشتن و لێکدانەوە، هەروەها بەپێی ئەم میتۆدەی کە ئێمە مێژوو و رووداوەکانی مێژووی پێدەخوێنینەوە، کە میتۆدێکی رەخنەیی- شیکارییە، نەک ریزبەندیکردن و خستنەڕووی رووداوەکان.

لە سالانی نێوان کۆتایی سەدەی هەژدە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، سێ بزووتنەوەی کوردی، کە بەپێی قورسایی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتییان وەک هێزێک لە ململانێی دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێرانی لە ناوچەکەدا کاریگەرییان دادەنا، لە بەشە جیا جیاکانی کوردستاندا سەریانهەڵدا. ئەم بزووتنەوانە لەلایەن سێ میری کوردەوە لە سێ میرنشینی جیاوازدا رێبەرایەتی دەکران، ئەوانیش بریتیبوون لە عەبدولڕەحمان پاشا (١٧٨٩-١٨١٣) لە

11. برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل ٥٣- ٥٤.

12. حەسەن ئەرفەع، کوردەکان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی)، و: سەردار محەمەد، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠١،ل٣٧.

13. بۆ زیاتر لەبارەی دۆخی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، پروانە: جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، و: د.کاوس قەفتان، دار الحرية للطباعة،بغداد،ل٥١- ٨١؛ عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد،چ٣، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،سلێمانی،١٩٩٨،ل٣٤.

میرنشینی بابان، میر محەمەد پاشای رەواندز (١٨١٣-١٨٣٦) لە میرنشینی سۆران، میر بەدرخان پاشا (١٨٢١-١٨٤٧) لە میرنشینی بۆتان.

دەشێ بگووترێ، کە شێوەی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانە، تا ئەندازەیەکی گەورە خاڵی یەکلاکەرەوە بوون لە مێژووی گەلی کورد بەگشتی و ژیانی میرنشینایەتی بەتایبەتی، چونکە لەو رۆژگارەدا میرنشینەکانی کورد لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لەبەردەم دوو ئەگەر و چارەنووسی تەواو جیاوازدا بوون. ئەگەری یەکەم، بریتیبوو لە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی گەورە، یان پێکهێنانی جۆرێک لە یەکێتی سیاسی کۆنفیدراڵی، کە چەندین میرنشین لەخۆ بگرێت. ئەگەری دووەم، خۆدانەدەست ئەو دۆخە سیاسییە بوو، کە چارەنووسی کۆی میرنشینەکانی بەرەو هەڵوەشاندنەوەو لکاندنیان بە دەوڵەتەکانی عوسمانی یان قاجاری دەبرد[14].

پرۆسەی سیاسی لە کۆمەڵگەی میرنشینی کوردیدا تا رادەیەک بە نێو پەیوەندی بەهێز و تەنانەت بە یەکەوە گرێدراوی ستراکچەری کۆمەڵایەتی و سیاسی خێڵ و میرنشیندا تێپەڕیوە. لە سیستمی میرنشینایەتی کوردیدا، دامودەزگای کاریگەر و گەورەی دەسەڵات بوونی نەبوو، پەیوەندی کۆمەڵایەتی خزمایەتی وەک جۆرێک لە ئایدیۆلۆژیا رێگەخۆشکەر بوو بۆ هەرچی زیاتر مانەوەی ستراکچەری خێڵایەتی لە رەوشە سیاسییەکەدا، میرنشینەکان هاتن و رۆیشتن، بەڵام خێڵ و ئایدیۆلۆژیای خێڵایەتی وەک ستراکچەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە تەمەنتر لە تەمەنی میر و میرنشینەکان مانەوە[15].

بێگومان وەکچۆن ئەرکی دەوڵەت بوو تا پەیوەندی و ئینتیمای خێڵایەتی هەڵوەشێنێتەوەو بیگۆرێت بۆ پەیوەندی و ئینتیمایەکی گەورەتر و پێشکەوتووتر، دەبوایە میرنشینەکانیش بەپێی توانای خۆیان بەشێکی تەنانەت ئەگەر بچووکیش بوایە، لەم ئەرکەیان بە ئەستۆ بگرتبا. رەنگە لە یەکەم روانیندا بۆچوونێکی لەمجۆرە کەمێک ناواقیعی بێتە بەرچاو، کاتێک خێڵ وەک بنەمای دەسەڵات و هێزی کۆمەڵایەتی و سەربازی و جەماوەری میرنشینەکان دەبینین، بەڵام میرایەتییەکان وەک دەزگا و دامەزراوەی سیاسی بان خێڵایەتی دەیانتوانی کەم تا زۆر هەنگاو بەم ئاراستەیەدا هەڵبگرن و جۆرێک لە فیدراسیۆنی خێڵایەتی، یان میرایەتی دروست بکەن. بەڵام وەکچۆن بەشێکی گەورە لە دەوڵەتانی رۆژهەڵات نەیانتوانی لەم ئەرکەیاندا سەرکەوتووبن، یان لەوانەیە ئەمە وەک ئەرک و ریفۆرمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری گرنگ، نەبووبێتە جێگە بایەخیان و درێژبوونەوەی تەمەنی خۆیان وەک دەسەڵات لە هێشتنەوەی دونیابینی و کەلتوری خێڵدا بینیوەتەوە، بە هەمانشێوە میرنشینەکانیش لەمڕووەوە نە تەنها کارێکیان نەکرد، بەڵکو پێدەچێ هەر بیریشیان لە بابەتێکی لەمجۆرە نەکردبێتەوە، بۆیە وەک (برونەسن) نوسیویەتی، چۆن خێڵ و دەوڵەت بە یەکەوە هەبوون و کاریان لە یەکدی دەکرد، بە هەمانشێوە میرنشین و خێڵیش بە یەکەوە هەبوون و کاریگەریان لەسەر یەکدی داناوە. رۆحی خێڵ و هۆشیاری خێڵایەتی بناغەی زۆربەی میرنشینەکان و پاشانشینەکانی سەدەی بیستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو کاریگەری قوڵیشی بەسەر دەزگا دەوڵەتییەکانی دوای خۆیەوە داناوە[16].

---

14. سعد بشير أسكندر، مصدر سابق، ص١١١.
15. ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦-٢٠٧.
16.. مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ، ب١، چ٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،١٩٩٩، ل١٧٨-١٧٩.

كێبڕكێ و ململانێكان بە پلەی یەكەم لە نێو بنەماڵەو فەرمانڕەواكاندا لە پێناو بە دەستهێنانی پایەی میرایەتیدا بووە، كە دەسەڵاتی ژمارە یەكی میرنشین بووە. پلەو پایەی كۆمەڵایەتی بەرزی میر بۆ بنەماڵەكەی وەک موڵک و سامان وابوو، چونكە دواجار میر هەر بە تەنها پلەیەكی كۆمەڵایەتی باڵا نەبوو، بەڵكو دەسەڵاتێكی سیاسی و ئابووری باڵاش بوو. بە میرات وەرگرتنی دەسەڵات لەسەر داب و نەریتی كۆن دامەزرابوو، كۆبوونەوەی بەرژەوەندی سیاسی و كورسی میرایەتی، كێبڕكێ و بەریەككەوتنی بەردەوامی لە نێو خانەوادەی میراندا داهێنا. پیلانگێڕان و شەڕ و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی یەكدی، تایبەت لە نێو بنەماڵەی باباندا، ئەوەندە باو بوو، بەجۆرێک (ف.بارت) هەموو مێژووی حوكمڕانی بابانەكانی ناو ناوە خڕۆنیكای شەڕی لە بن نەهاتوو لە نێوان داواكارانی تەختی میرایەتیدا[17].

میرانی میرنشینەكانی كورد لە نێو ئەم بارودۆخە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەی نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەدا تا رادەیەكی زۆر چارەنووس و ژیانی میرنشینەكانیان بە شێوەی توانا و وردبینی خۆیان و فۆرمی گەمەی پەیوەندییەكانیان لە نێو خودی یەک میرنشین، یان میرنشینێک و میرنشینەكانی دی، یان میرنشینێک و ناوەندەكانی دەسەڵاتی عوسمانی - ئێرانی گرێداوەتەوە، چونكە كەسایەتی میرەكان، هێز و توانای سیاسی و سەربازی و پێگەی كۆمەڵایەتییان لە نێو میرنشینەكانیاندا، هەموو ئەمانە رۆڵیان لە كاریگەری دانان بەسەر چارەنووس و دواڕۆژی میرنشینەكانەوە دەبینی.

ئایا لە نێو كۆمەڵگەی میرایەتی كوردیدا، دەتوانین میرەكانی وەک عەبدولڕەحمان پاشای بابان، میر محەمەدی رەواندوز، میر بەدرخانی بۆتان، هەڵۆخان، یان خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان و ئەوانیدیكەیش، لە چوارچێوەی واقیعە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكەی رۆژگارەكە دەربهێنین و كۆی چارەنووسی میرنشینەكانیان، لانیكەم لەم ماوەیەی كە ئەوان تێیدا دەسەڵاتدار و كەسی یەكەمی بڕیار بە دەستی میرنشینەكانیان بوون، بە بوونی ئەوان و هێز و توانا و كەسایەتی ئەوانەوە ببەستینەوە، واتە كۆی رووداوە ناوەكی و دەرەكییەكانی میرنشینەكان بخەینە چوارچێوەیەكی سایكۆلۆژی و كۆمەڵایەتی تاكەكەسییەوەو ئەوان وەک دروستكەری رووداو و بزوێنەری مێژوو ببینین.

بەگوێرەی ئەوەی میرەكانی كورد كۆمەڵە خەڵكێكی سەرەتایی (primitive) بوون، بەردەوام لە نێو خۆیاندا سەرقاڵی شەڕ و پێكدادان بوون، تا ئەندازەیەكی زۆریش لاوازبوونی دەوڵەتەكانی عوسمانی- ئێرانی بۆتە هۆی گەورەبوونی سنوری دەسەڵاتیان تا ئەو جێگەیەی دەسەڵاتێكی بنەماڵەیی و لۆكاڵی دیكەی لە شێوەی خۆیان لە فراوانخوازی رایگرتوون، واتە لۆكاڵیبوون و فۆرمی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و نائارامی و پەلامار و جەنگ و خوێنی بەردەوام، سیمای هەرە دیاری نێو چوارچێوەو دیمەنە گشتییەكەی ژیانی میرایەتی و میرنشینەكانی كوردی بووە.

ئەگەر كەسی كاریزمایی بتوانێت رووبەرێكی گەورەی وێنەی نەتەوە، یان كۆمەڵگە لەخۆیدا بەرجەستە بكاتەوە، هێزی كاریگەری تەقاندنەوەی وزە و توانا ناوەكییەكانی كۆمەڵگەكەی بێت بە ئامانجی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە پلەیەكی باڵاتر و فۆرمێكی جیاوازتر لە ژیان، ئەگەر كاریزما ئەو ئامرازە بێت، كە بەهۆیەوە مێژوو گوزارشت لەخۆی بكات، ئەوا میرەكانی سەدەی نۆزدەی كورد لەكوێی نواندنەوەی ئەو وێنانەو گوزارشتكردنەدا بوون، تا چەند لە تەقاندنەوە و كۆنترۆڵكردنی وزەی ناوەكی كۆمەڵگەی میرایەتیدا بە ئاراستەی گەورەكردنەوەی رووبەرەكانی دەسەڵاتیان و

17. ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو،ل٢١٧.

فراوانترکردنی پانتاییەکانی سەربەخۆییان، سەرکەوتوو بوون. وەک بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێداوە، خولیای میرەکانی وەک عەبدولڕەحمان پاشای بابان و میر محەمەدی ڕەواندوز و میر بەدرخانی بۆتان، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت بووە. بەڵام دەبێ لەم راستییەش بە ئاگا بین، کە بەرزکردنەوەی دروشمی گەورە سیفەتی کاریزمایی بوون بە هیچ میر و کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نابەخشێت، چونکە کەسی کاریزمایی لە ناوەوە کۆنترۆڵی مرۆڤەکان دەکات و توانایەکی گەورەی دەست بەسەرداگرتنی بیرکردنەوەیانی هەیە، واتە لە ڕێی کارکردن لەسەر هۆشیاری و هەست و سۆزیان، جۆرێک لە قسەکردن و جوڵەی تایبەتیان تێدا دروست دەکات، کە بریتییە لە دروستکردنەوەی بوونیان، بەڵام بوونێک کە زۆربەی کات و لانیکەم لە دیوە نێگەتیڤەکەیدا، لە نێو کەلتورێکی بازاڕیدایە بە مانا هایدیگەرییەکەی[18]، چونکە بوونێکی نائامادە و سڕکراوە، لە پێناو بوونێکی دیکە و لە خزمەت بوونێکی دیکەدایە.

بەر لە هەر شتێک دەبێ ددان بەوەدا بنێین، کە ئەم میرایەتییانە، تەواو دەسەڵاتی لۆکاڵی بوون و هەر میرێک لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا خاوەن قسە و بڕیار بووە. راستە ئەمانە هەندێکجار لەسەر حیسابی میرنشینەکانی دراوسێیان فراوانخوازیان کردووە، بەڵام کە هێزی فراوانخوازی کاتییان هەبووە، هێزی پارێزگاری لەم فراوانخوازییەیان نەبووە، بۆیە هەر فراوانخوازییەکیان بۆ سەر دەسەڵات و جوگرافیای یەکدی، یان لە کۆنترۆڵی ناوەندەکانی عوسمانی- ئێرانی دوگمەکانی بزوێندراون، یان لەلایەن ئەوانەوە چاوپۆشی لێکراوە، یان جوڵەو پەلامارێکی سەربازییانەی میرێکی بێ بەرنامە و بێ ستراتیژ بووە، یان دەشێت وەک نمایشی جۆرێک لە هێزی لۆکاڵی میرێکی لۆکاڵی خێڵەکی لە بەرامبەر میرە نەیارەکانی دراوسێی، یان لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێرانیدا ببینرێت، بەڵام خۆنواندنێکی سەربازی سەرکێش و بێ بەرنامە لە رووی سیاسییەوە، چونکە ئەم هێزە لۆکاڵییانە هیچ کاتێک لە بەرامبەر هێزەکانی لە خۆیان بەهێزتر لە هێز نەچوون و توانای بەرگری نەک لەو ناوچانەی لە یەکدیان داگیردەکرد، بەڵکو زۆرکات توانای پاراستنی پایتەختەکانی خۆیان و سەنتەری دەسەڵاتی خۆیشیان نەبووە، تایبەت ئەو کاتانەی کەوتوونەتە نێو پلانی پەلاماردانی دەوڵەتانی عوسمانی یان ئێرانییەوە. وەک وێنەیەکی بچووککراوەی نێو کۆی دەسەڵاتی میرایەتییەکان، هەوڵدەدەین لە ڕێی چەند نموونەیەکی نێو میرنشینەکانەوە ، ماوەی دەسەڵاتی چەند میرێک بەم بابەتە راڤە بکەین.

یەکێک لەم کەسایەتییانەی لە نێو میرنشینی باباندا وەک یەکێک لە میرە بەهێز و کاریگەرەکانی نێو میرنشینەکەو بنەماڵەی بابان دەبینرێ، عەبدولڕەحمان پاشای بابانە.

عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە ماوەی ٢٤ ساڵی حوکمڕانی پچڕ پچڕدا، پێنج جار لە میرایەتی دوورخراوەتەوە، ئەم میرەی بابان وەک سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی مەیدانی جەنگ ناسراوە، بایەخی بە خوێندەواری و بواری رۆشنبیری داوەو رێزی لە زانایان گرتووەو خزمەتکاری شەریعەت و ئایین بووە، کاتێک لە (حیللە) زیندانی دەبێت، رەنجوری شاعیر (١٧٥٠-١٨١٠) هۆنراوەیەکی پڕ لە ستایشی بۆ دەنێرێت بۆ زیندان، هەروەها مەولانا خالیدی نەقشبەندی

18. پروانە: محەمەد کەمال، هایدیگەرو شۆرشێکی فەلسەفی،چ١،چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٨٢-٩٢.

ستایشی ئازایەتی و دادپەروەری ئەوی كردووەو (عەلی بەردەشانی)ش شەڕەكانی ئەم میرەی بابانی لە بەیتی درێژدا هۆنیوەتەوە[19].

عەبدولڕەحمان پاشا، نەک تەنها لە سنوری میرنشینەكەی، بەڵكو تا رادەیەک لە بەغداش دەسەڵاتی هەبووە. لونگریک كە باسی ئەم میرەی بابان دەكات بە "مەلیک دروستكەر King Maker" ناویدەبات[20]. بەرپرسێكی قاجاریش كە ئەو كات لە بەغدا بووە ئەم راستییە پشتڕاست دەكاتەوەو دەنوسێت: "كەسێک نییە بكوژێ و ببڕێ و پۆست و پلە ببەخشێ و خەڵک دووربخاتەوە، جگە لە عەبدولڕەحمان پاشا، جگە لەو هیچ كەسێكی دی خاوەنی دەسەڵات نییە"[21].

بە پروای ڤاسیلیەڤا، دەبێ لە رووی پایەی كۆمەڵایەتییەوە ئەم دۆخی بەشداری، یان هێزی دەسەڵاتدارانی بابان لە پرۆسەی دانان و لابردنی فەرمانڕەوایانی عوسمانی لە بەغدا، لێكبدەینەوە. ڤاسیلیەڤا نوسیویەتی: "بابانەكان نەوەی میران بوون و ریشەی ناوەكەیشیان بۆ رابردوویەكی دوور دەگەڕێتەوە، بۆیە بە چاوی نزمەوە سەیری خەڵكی بێ خێڵ و بێ بنەماڵەیان دەكرد، ئەوانەی پێیاندەگوتن )زێرکڕی Zerkiriواتە ئەو كەسانەی بە زێر كڕاون، كە بنەما و بنەڕەتێكی پتەوی كۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیان( نەبوو. لێرەوە بەپێی بۆچوونی ئەم نوسەرە، هەر هەوڵدانێكی بەغدا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی، لەلایەن سلێمانییەوە بە توندی بەرهەڵستی دەكرا"[22]. واتە پایەی كۆمەڵایەتی و ستراكچەری خێڵەكی و بنەماڵەیی بنەمایەكی گرنگی پێكهێنەری كەسایەتی میرانی بابان و هێزی ئەوان بووە لە رازیكردن و مل پێكەچكردنی خەڵک بۆ دەسەڵاتەكەیان و توانای كێشكردنیان بەلای خۆیاندا، بە مانا كورسی میرایەتی میرنشینەكانی كورد، راستەوخۆ لە ڕێی بۆماوەییەوە لە نێو بنەماڵە فەرمانڕەواكانی میرایەتییەكاندا دەستاودەستی كردووە، مسۆگەركردنی تەختی میرایەتیش بە مانای وەرگرتنی باڵاترین دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئابووری بوو لە نێو چوارچێوەی میرنشینەكەدا. خەڵكی سادە و نەخوێندەواری ئەو رۆژگارەش بەبێ هەر بیركردنەوەیەک لەبەردەم پایەی كۆمەڵایەتی بنەماڵەی میران و دەسەڵاتەكەیاندا دڵسۆزی و رێزی خۆیان نواندووەو بەشی هەرە گەورەیان بوون بە گوێرایەڵ و ملكەچی بەردەم قاپی میری دەسەڵاتدار. ریچ لەمبارەیەوە نوسیویەتی: "پابەندی كوردەكان بە سەرۆكەكانیانەوە شتێكی زۆر بەهێزە، ئامادەن هەموو كوێرەوەری و نەبوونی و تاڵییەكی ژیان لە پێناویدا بچێژن"[23].

لێرەوە دەكرێ هێزی میرێكی وەک عەبدولڕەحمان پاشا، چ لە ناوەوەی میرنشینی بابان، چ حیساب بۆ كردنی لەلایەن عوسمانییەكانەوە تا ئەندازەی ئەوەی لە بەغداش دەسەڵاتی هەبێت

---

19. پروانە: حسین ناظم بیگ، تاریخ الامارة البابانیة، ت: شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكریم المدرس،ط١، مطبعة وزارة التربیة، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر،أربیل،٢٠٠١،ص٢٨٥؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا،چ٢، چاپخانەی خاک،سلێمانی، ١٩٩٨،ل١١٣، ١٣٢، ٢٨٣-٢٩٢.

20. لونگریک، مصدر سابق، ص٢٧٨. بۆ نموونە، دامەزراندنی عەبدوڵلا پاشای خەزنەدار بە والی بەغدا لە ساڵی ١٨١٠ لە دوای كوژرانی سلێمان پاشای بچووک، بە كاریگەری و پشتگیری عەبدولڕەحمان پاشای بابان بووە.لونگريك،مصدر نفسه،ص137.

21. پروانە دەقی نامەی ئەم بەرپرسەی قاجاری، كە (محەمەد حوسێن عەبدولراجی) ناوە بۆ (عەباس میرزای نائیب سەڵتەنە) لە ساڵی ١٨١٠دا. لە: محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ١٧٩٩- ١٨٤٧، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٢،ل٦١-٦٤.

22. لە: ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو،ل٨١-٨٢.

23. كلۆدیۆس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ كوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی،چ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٢،ل٩٨.

و بابیعالی داوای لێبکات لە جێگەی سلێمان پاشای بچووک بیێتە والی بەغدا[24]، لەم گۆشەنیگایەوە بخوێنرێتەوە. بە بۆچوونی (ئادەمۆڤ) ئەگەر پێش هاتنی عەبدولڕەحمان پاشا، کوردەکان تەنها هێرشی تەمبێکەرانەیان لەلایەن بەغداوە دەکرایە سەر، چونکە ملیان بۆ خزمەتی سەربازی نەدەدا، ئەوا لەگەڵ هاتنی ئەودا، هەوڵ و تەقەلای کوردان، وەک عەرەبەکان، بۆ رزگاربوون لە تورکەکان، سیمای رەوشی سیاسی لە باشوری کوردستان داڕشتووە[25]. بەپێی (ماهشەرەفخانم)یش ئەمانوڵلاخانی کوری خەسرەوخان لە یەکەمین هەوڵیدا بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە میرنشینی ئەردەڵان، داوای یارمەتی لە عەبدولڕەحمان پاشای میری بابان کردوووە[26].

لە رۆژگاری دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان پاشادا، سنوری میرنشینەکە فراوانبوونی بەخۆوە بینیوەو گەیشتۆتە هەولێر و دەوروبەری و هەڕەشەی دەست بەسەرداگرتنی کەرکوکیشی کردووە[27]. بە قسەی (فرایزەر)، سنوری بابان لە دەورانی عەبدولڕەحمان پاشادا، لە سەردەشت تا کفری، لە کۆیە تا بانەی گرتۆتەوە[28]. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکیش بەسەر گرژییەکانی نێوان حافز پاشای والی بەغدا و عەبدولڕەحمان پاشادا لە ١٨٠٥، سەرەنجام میری بابان لەسەر دەستی حافز پاشا شکستی خواردووەو بەرەو لای ئەمانوڵلاخانی میری ئەردەڵان هەڵاتووەو تەختی بابان بۆ خالید پاشا ماوەتەوە، بەڵام دواجار بە یارمەتی ئەردەڵانەکان و فەتح عەلی شای قاجار، عەبدولڕەحمان پاشا گەڕێنراوەتەوە بۆ میرایەتی بابان. هەموو ئەمانە پێماندەڵێن، کە رەوشی میرنشینی بابان و تەنانەت دەسەڵاتی میرەکانیش بە رادەیەکی زۆر لەسەر کێبڕکێی نێوان بەغداو کرماشان، عوسمانی و قاجاری، وەستابوو[29].

دوای ئەم رووداوانە بە چەند ساڵێک، میری بابان، عەبدولڕەحمان پاشا، بە گوتەی مەستورەخانمی ئەردەڵان، سەربەخۆیی تەواوی لە کاروباری حوکمڕانیدا بەدەستهێناوەو پشتی کردۆتە هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی[30]. ئەم پێشکەوتنە رێژەییەی کە میرنشینی بابان لە رۆژگاری عەبدولڕەحمان پاشادا، وێڕای ناجێگیری دەسەڵاتەکەیشی، بەخۆیەوە بینی، بەشێکی پەیوەندی بە بەهێزی کەسایەتی ئەم میرەی بابان و گەورەیی خەون و ئامانج و بەرزەفڕییەکانی ئەوەوە هەیە. بەشێک لە نوسەرانی کورد و بیانی، باسیان لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم میرەی بابان کردووە بە ئاراستەی سەربەخۆیی و کاریگەری بەسەر رۆح و سۆزی نەتەوەیی کوردەوە[31]. ئەگەرچی رۆژگاری ئەم میرەی بابان پڕ بووە لە هێرش و پەلامار و ناسەقامگیری، بەڵام بە گوتەی (حوسێن نازم)، رۆژێک لە رۆژان دەستبەرداری ناسنامەی

---

24. هەمان سەرچاوە،ل١٠٦.
25. ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو،ل٧٤.
26. مەستورەی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٦.
27. حسين ناظم بيگ، مصدر سابق، ص٢٧٤؛ لونگريك، مصدر سابق،ص٢٨٠.
28. جيمس بيلي فريزر، رحلة فريزر الى بغداد سنة ١٨٣٤م، ت: جعفر الخياط، ط1، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٦،ص٥٤.
29. ڤاسیلەڤیا،سەرچاوەی پێشوو،ل٧٥-٧٦؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا،ل١١٧-١١٨.
30. مەستورەی کوردستانی، سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٠.
31. پڕوانە: محمدأمين زكي، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من أقدم العصور حتى الآن، ت: محمد علي عوني، بغداد، ١٩٦١،ص٢٢٨؛ ميجرسون، رحلة متنكرة الي بلاد مابين النهرين وكردستان، ت: فؤاد جميل، ج٢،ط١،بغداد،١٩٧١، ص١٤٨.

نەتەوەیی و ئایینی و ئەخلاقی بەرزی خۆی نەبووە، تەنانەت لەو كاتانەشدا، كە ناچار كراوە پەنابەرێتە بەر ئێران بە ئامانجی گەڕاندنەوەی ئەو مافەی كە پێوای وابووە لێی زەوتكراوە[32].

سەرەنجام، عەبدولڕەحمان پاشا، دوای زنجیرەیەک شەڕ و پێكدادان لەگەڵ بەغدا و هەڵاتنی بۆ ئێران و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، لە ساڵی ١٨١٣دا بەبێ چنینەوەی بەرهەمی هەوڵەكانی لە بەدیهێنانی ئامانجەكانیدا، كۆچی دواییكرد.

راستە عەبدولڕەحمان پاشا كەسایەتییەكی بەهێزی هەبووە، بەڵام هەرگیز نەبۆتە ئەو كاریزمایەی بتوانێ كاریگەری قوڵ نەک بەسەر دانیشتوانی میرنشینەكانی دراوسێی، بە ڵكو بەسەر خەڵكانی سنوری میرنشینەكەی خۆی و تەنانەت خودی بنەماڵەكەیشیدا دابنێ. ئەو ئەگەرچی خاوەنی دەسەڵاتی دونیایی بووەو توانای بەخشینی پلە و پایەی حوكمڕانی نە تەنها لە میرنشینی بابان، بەڵكو لە بەغداش هەبووە، هەروەها لەلایەن بەیت بێژان و شاعیرانەوە، هۆنراوەی بۆ دانراوەو ستایشی ئازایەتی و چاونەترسی ئەویان كردووە، بەڵام بەهێزی كەسایەتی ئەم میرەی بابان نەیتوانیوە لە نێو دۆخی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەدا پێگەی میرێكی بەهێز لە نێو سنورێكی جوگرافی لۆكاڵیدا لە رووی جەماوەری و كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆژی تێپەڕێنێ و ببێ بە كاریزمایەک كاریگەری كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆژی بەسەر بەشێكی گەورە لە بنەماڵەو دانیشتوانی خودی میرنشینەكەی خۆشییەوە هەبێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت عەبدولڕەحمان پاشای بابان، وەک كاریزمایەكی نەتەوەیی بناسێنین، ئەوا رەنگە بۆچوونێكی لەمجۆرە لە ژێر چەتری سۆزی كوردبوون و جلّەو شلكردن بۆ حەماسی نەتەوەییانە، یان خوێندنەوەی نا بابەتیانەی رووداوەكانەوە سەرچاوەی گرتبێ و نەیتوانیبێ خۆی لە لایەنگیری و ئایدیۆلۆژیا پاک بكاتەوە. لەوانەیە لە باشترین حاڵەتدا ئەم میرە و باقی میرەكانی میرنشینەكانی دیكەیش، چ لە میرنشینی بابان و چ لە میرنشینەكانی دیكەدا، لەم سەرۆک خێڵ و جەنگاوەرە مەیدانیانە زیاتر نەبووبن، كە لە رێگەی خێڵ و بنەماڵەوە بە تەختی میرایەتی گەیشتوون، بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازیانەی لە نێوان كەسایەتی میرەكاندا بوونی هەبووەو پێگە و كاریگەری یەكێكیان لە ئەویدی گەورەتر و بەهێزتر بووە. بۆیە ئاساییە عەبدولڕەحمان پاشا، كە دەسەڵاتی لە بەشی هەرە گەورەی میرانی دیكەی بابان بەهێزتر بووە، زیاتر بخرێتە نێو قاڵبی پیرۆزكردن و قەوارەی باوەڕەوە، تا دەسەڵاتیشی فراوانتر و بەهێزتر بووە، ئەم رووبەری بە پیرۆزكردنە و بینینی سیمای خودایی لە روخساریدا زیاتر و گەورەتر بووە.

هەر لەم ماوەیەدا (نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدە)، لە بەرامبەر هەوڵەكانی بە ناوەندیكردنی )Centralization دەسەڵات و ئیدارەدا، دوو میری كورد، لە دوو میرنشینی جیاوازدا لە بەرامبەر ئەم( هەوڵانەدا وەستانەوە، ئەوانیش میر محەمەدی رەواندز و میر بەدرخانی بۆتان بوون.

كەسایەتی میر محەمەد و لێهاتوویی جەنگی ئەو، ناو و ناوبانگێكی باشی بۆ پەیداكردبوو، میری سۆران لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكانیدا پابەندی قورئان و شەریعەتی ئیسلام بوو، لە جێبەجێكردنی كارەكانیدا زۆربەی كات پشتی بە فتوای زانا ئایینییەكان دەبەست و بەپێی بۆچوونی ئەوان كاریدەكرد، تەنانەت بەشێک لە نوسەران گەیشتوونەتە ئەو پێوایەی بڵێن، ئەوە

32. حسين ناظم بيگ، مصدر سابق،ص٢٣٦.

پیاوانی ئایینی بوون هاوشانی میر محەمەد، میرنشینەکەیان بەڕێوەدەبرد[33]. بە گوتەی موکریانی، مەلا محەمەدی خەتێ، کە زانایەکی ئایینی خەڵکی گوندی خەتێ بوو، کاتێک هاتۆتە ڕەواندز لەلای میری سۆران ماوەتەوەو بووە بە شێخولئیسلام و موفتی دەسەڵاتەکەی سۆران و هەمەکارەی میر و باوەڕپێکراوی ئەو[34].

میر محەمەد لەسەر دەستی مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی و مستەفا بەگی باوکی بەناوبانگترین زانای رۆژگارەکەی بۆ هێناوە تا سەرپەرشتی فێرکردنی بکەن[35]. ئەو رۆژگارە مزگەوتەکان لە کوردستان تاکە جێگەی خوێندن و زانایانی ئایینی ئیسلامیش تەنها مامۆستای فێرکردن بوون. دوای تەواوبوونی خوێندنەکەی، باوکی، میر محەمەدی کردۆتە سەرپەرشتیاری بەشێک لە ناوچەکانی میرنشینەکەی[36].

میر محەمەد هەر لە سەرەتای دەسەڵاتییەوە لە ڕێی کوشتنی عەبدوڵڵا ئاغای خەزێنەدار بەهۆی ئەوەی هاتووچۆی تەمەرخانی مامی میری سۆرانی دەکرد، ناوبانگی بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆوەو دۆست و دوژمنی خستە ترس و دڵەراوکێ و پێگەی مامەکانیشی خستە لەرزینەوە. بەپێی بەرنامەیەکیش کە دایناوو، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەر لە هەر شتێکی دیکە کەوتە هەوڵی لەناوبردنی دەسەڵاتی مامەکانی، کە تا ئەو کاتە لە چەند ناوچەیەکی میرنشینەکەدا دەسەڵاتدار بوون. سەرەتا تەمەرخان و مەحمود بەگی کوری، کە مام و ئامۆزای بوون، دوای ئەوەی بە دیل گرتنی، هەردووکیانی کوشت، دواتریش میر یەحیا بەگی مامی و کوڕەکەی دەست بەسەرکردن و ئەوانیشی کوشت[37].

میر محەمەد لە ماوەی (٢٠) ساڵداو لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە توانی دەسەڵاتی خۆی لەسەر حیسابی میرنشینەکانی بابان و بادینان و بۆتان و ئەردەڵان، فراوان بکات و فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر رووبەرێکی فراوانی کوردستاندا بسەپێنێت. میری سۆران لە فراوانخوازییە هەرێمایەتییەکانی میرنشینەکەیدا، هێزی سەربازی وەک ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ هێنانەدی تموحە سیاسییەکانی و جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەی بەکاردەهێنا. لەم کارەشیدا، چ لە چەک و تفاقی جەنگی، چ لە سوپا، تا رادەیەک پشتی بە توانا نێوخۆییەکانی میرنشینەکەی بەستبوو لەو کارگانەی بۆ بەرهەمهێنانی شمشێر و تفەنگ و تۆپ دایمەزراندبوون، هەروەها ئەو جەنگاوەرانەش کە لە خێڵە جیاوازەکاندا وەک سورچی و خۆشناو و شکاک و زراری و ئەرتوشی، پشتی پێدەبەستن، وێرای خەڵکانی ناخێڵەکی و هێزی عەرەبی وەک خێڵی تائی[38].

جەیمس فرایزەر لەبارەی میر محەمەدی سۆرانەوە نوسیویەتی: "میر محەمەد خاوەنی تموحێکی سەرکێشانە بوو، خۆی لە بەکارهێنانی هیچ ئامرازێک بە دوور نەدەگرت لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانیدا، لە جێبەجێکردنی دادپەروەریدا بەزەیی نەدەنواند. ئەو سڵی لە خوێن رشتن نەدەکردەوە، بەڵام لە پێناو ئارەزووی خودی خۆی و بەبێ هۆ کەسی نەدەکوشت. وێرای

33. بۆ زیاتر پروانە: جمال نبز، الأمير الكردي مير محمد الرواندوزي الملقب ب(ميرى كوره)، ت: فخري سلاحشور، منشورات الأكاديمية الكردية للعلم والفن- ستوكهولم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،١٩٩٤،ص٤٥-٤٦.

34. سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی موکریانی، کۆکردنەوەو لە چاپدانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، پێداچوونەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە و فەخرەدین ئامێدیان، ب٢،چ١،هەولێر،٢٠٠٧،ل٤٥.

35. هەمان سەرچاوە،ل٢٦؛ زبير بلال اسماعيل، أربيل في أدوارها التاريخية (دراسة تاريخية عامة لأربيل وأنحائها منذ أقدم العصور حتى الحرب العالمية الأولى)، مطبعة النعمان، النجف،١٩٧١،ص٣١٠؛ جمال نبز، مصدر سابق،ص٣٥-٣٦.

36. جمال نبز، مصدر سابق،ص٣٦.

37. پروانە: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب٢،ل٢٨-٣١.

38. بروانە: هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٤١-٥٠؛ سعد بشير أسكندر، مصدر سابق،ص١٨٢-١٨٣.

ئەمانە دوودڵ نەبوو لە جێبەجێکردنی هەر فەرمانێکی کوشتن لە کاتی پێویستدا، ئەگەر هۆکارەکەی ئاسایی و سادەش بووبێ"[39]. میر محەمەد، دەشێ یان زۆر خۆشەویست بووبێ لەلای خەڵک، یان بە هۆی توندوتیژی و بێ بەزەییانە جێبەجێکردنی دادپەروەرییەوە، زۆر لێی ترسابن[40].

ریچارد ود، کە دیپلۆماتکارێکی ئینگلیز بوو، لەو نامانەی کە بۆ باڵیۆزخانەی بریتانیای لە ئەستانبوڵ و کونسوڵخانەی بریتانی لە بەغدا ناردووە، وێنەی میر محەمەد و حکومەتەکەیمان بۆ ڕووندەکاتەوە. (ود)، دەسەڵاتەکەی میری سۆرانی بە دەسەڵاتێکی ستەمکار وەسف کردووەو نوسیویەتی، بە پاساوی نابەجێ موڵک و سامانی گوندەکانی کوردستانی بۆ خۆی دەبرد. میر محەمەدی بە کەسێکی پڕ لە قین و ڕق ناساندووە، کە دەسەڵاتێکی توندو تیژو پڕ لە سزادانی قورسی سەپاندووە، وەک: چاو هەڵکۆڵین و پڕینەوەی دەست و قاچی مرۆڤ. هەروەها پروای وایە، میر محەمەد موسڵمانێکی دەمارگیربووەو رقێکی زۆری لە بەرامبەر ئێزیدییەکاندا هەبووەو جەنگی لەناوبردنی بە کۆمەڵی لە بەرامبەردا ئەنجامداون[41].

هەرچی (د.ڕوس)ی پزیشکی ئینگلیزە، کە لە ساڵی ١٨٣٣دا لە ئاکرێ چاوی بە میر محەمەد کەوتووە، دەڵێت: میر محەمەد لە ڕێی حکومەتێکی توند و بەهێزەوە توانیویەتی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە شێوەیەکی گەورە باش بکات. میری سۆران پێویست بوو حکومەتێکی بەهێزی هەبێت تا بتوانێ بەسەر زۆرێک لە گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا زاڵ بێ، کە ئەو کات کۆمەڵگەی کوردی ماندوو کردبوو. بە مانایەکی دیکە ئەو شێوە حوکمڕانیەی میر محەمەد ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕۆژگارەکەی بووە. میری سۆران بە تەنها ئارەزووی دەست بەسەرداگرتنی حوکمی نەکردووە، بەڵکو ویستوویەتی دۆخە خراپ و ئاڵۆزەکەش بە شێوازێکی پۆزەتیڤانە بگۆڕێت[42].

هەموو ئەوانەی ئاماژەی پێکرا جەختکردنەوەیە لەسەر خاڵێکی هاوبەش، کە بریتییە لە پەنابردنی میر محەمەد بۆ کاری توندوتیژی لە حوکمڕانیدا، بە مانایەکی دی، توندوتیژی ناسنامەو پرینسیپ بووە لەلای میر محەمەد بە ئامانجی چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی و چارەسەرکردنی گرفتە جیا جیاکانی. واتە دەشێت بڵێین، میر محەمەد هێندەی لە ڕێی بڵاوکردنەوەی ترسەوە خەڵکی جڵەو کردووە، هێندە نەیتوانیوە ببێتە میرێکی کاریزمی لە کۆمەڵگەی میرایەتیدا، چونکە گەورەبوونی دەسەڵاتەکەی و فراوانبوونی ڕووبەری جوگرافی میرنشینەکەی لەسەر بنەمای پەلامار و جەنگ و خوێن و کوشتن بووە، جەنگ و خوێنێک کە دواجار نەیتوانی ئەنجامێکی دڵخۆشکەر، نە بۆ میری محەمەد خۆی و نە بۆ میرنشینەکەی بچنێتەوە، بەڵکو بە کۆتاییهێنان بە ژیانی میر خۆی و ڕووخانی میرنشینەکەی کۆتاییهات.

بە گشتی هەلومەرجی میرنشینەکان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا هاوچەشن بوون و میرە دەسەڵاتدارەکانیشیان بە کەمێک جیاوازییەوە زۆر لە یەکدی دەچوون. یەکێک لەم شتانەی کە میر بەدرخانی میری بۆتان لە

39. جیمس بيلي فريزر،مصدر سابق، ص ١٥، ٢٧-٢٨.

40. پروانە: مصدر نفسە،ص١٤-١٦.

41 . Cunningham,AB,The early Correspondence of Richard Wood,1831-1841,(London:1966),P.3.

لە: سعد بشير أسكندر،مصدر سابق،ص١٩١-١٩٢. بۆ زیاتر لەبارەی پەلاماری میر محەمەدی ڕەواندز بۆ سەر یەزیدییەکان، پروانە: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، سەرچاوەی پێشوو،ب٢،ل٥٠-٥٢؛ جمال نبز،مصدر سابق، ص٤٧-٤٩.

42. لە: سعد بشير أسكندر،مصدر سابق،ص١٩٢.

ئەوانیدی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، بریتییە لە بەستنی پەیمانی پیرۆز لە نێوان میر و سەرۆک خێڵەکانی کورد دژی دەوڵەتی عوسمانی، بە سەرۆکایەتی خۆی[43].

لە راستیدا پەیمانی پیرۆز لەگەڵ دەستپێکردنی پەلاماری سەربازی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سنوری میرنشینی بۆتان، دەرکەوت کە پەیمانێکی لاواز و ناچالاکە، چونکە میر و سەرۆک خێڵەکانی نێو پەیمانەکە هەر یەکەو بۆ خۆی بە تەنیا رووبەڕووی چارەنووسی خۆی بووەوە، بەجۆرێک وەک ئەوەی پەیمانەکە هەر لە بنەڕەتدا نەبوویێتە چوارچێوەی کاری هاوبەش و کۆکردنەوەو یەکخستنیان، تەنانەت میری ئەردەڵانیش لە رووداوی هێرش بۆ سەر بۆتان، لە رووی پشتگیری و هاوکارییەوە، رۆڵێکی نەبینی. جگە لەمانەش، راستە میر بەدرخان ویستوویەتی لە ڕێی بەشداری و پشتگیری میر و سەرۆک خێڵەکانەوە، پشتگیری و بەشداری ئەندامانی گوێرایەڵ لەم میر و سەرۆک خێڵانە بۆ راپەڕینەکەی مسۆگەر بکات، بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە پەیمانەکە نەیتوانی لەسەر زەمینەی واقیعدا لە ئاستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا بێت، تایبەت کاتێک دەبینین، کە هێشتا راپەڕین نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەڵام سەرۆک خێڵەکان خەریکی دابەشکردنی ناوچەکانی نفوزو دەسەڵاتی خۆیانن. بۆیە گومانی تێدا نییە، کاتێک سەیردەکەین بەشی هەرە گەورەی ئەو نوسەر و مێژوونووسە کوردانەی لەبارەی میر بەدرخان و پەیمانی پیرۆز نوسیویانە، رۆڵی ئەم پەیمانەیان زیاتر لە قەبارەی خۆی گەورەتر و کاریگەرتر پیشانداوە.

هۆکار و چارەنووسی راپەڕینەکەی هەرچی بوویێت، دواجار میر بەدرخان، هەر وەک میرە بەهێزەکانی دیکەی نێو ژیان و کۆمەڵگەی میرایەتی لە وێنەی عەبدولڕەحمان پاشای بابان و میر محەمەدی رەواندزی و زۆرێکی دی لە میرانی میرنشینە جیا جیاکانی کورد، کاریگەری زۆری لەسەر هەست و سۆزی خەڵکی کورد داناوە، بۆیە لە ئەدەبیاتی میللی کورددا چەندین گۆرانی سەبارەت بە رۆحی بەرەنگاری میر بەدرخان و لایەنگرانی ئەو بە دژی عوسمانییەکان گوتراون[44].

راستە لە سیستمی میرایەتی کوردیدا، خێزان یان بنەماڵەی میرانی فەرمانڕەوا هەموو کات رەوایەتیان لە دەرەوەی خۆیان وەرنەگرتبوو، بەجۆرێک سوڵتانی عوسمانی یان شای ئێران، بە فەرمانێک وەک فەرمانبەری دەوڵەتەکانیان دایانمەزراندبن، بەڵکو میرایەتییەکان بە سوود وەرگرتن لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆژگارەکەو بە دەست پێشخەری تاکەکەسی پێکهاتوون[45]، بەڵام گرنگە ئەم راستییە کۆمەڵایەتییەشمان لەبەرچاو بێت، کە خودی ئەو تاکەکەسانەی، کە گەیشتبوونە هەرەمی سەرەوەی دەسەڵاتی میرایەتییەکان، ئەگەر بە پشتبەستن بە پێگەی خێڵ و بنەماڵە نەبایە، کارێکی دوور لە چاوەڕوانی بوو بە پشتبەستن بە تەنها بەهێز و توانای کەسایەتی خودی خۆیان بتوانن لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەریدا بگەن بەو پێگەیەی، کە بەهۆی پاشخانی کۆمەڵایەتی خێڵ و خێزان وبنەماڵەکانیانەوە پێیگەیشتبوون.

43. بۆ زیاتر لەبارەی پەیمانی پیرۆز، بڕوانە: بلەج شیرکوە، القضية الكردية (ماضي الكرد وحاضرهم)،مطبعة السعادة،مصر، ١٩٣٠،ص٤١؛ مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان، ت: شكور مصطفي، ب.م،هەولێر،١٩٩٨،ص٤٢؛ سعدي عثمان هروتي، كوردستان والامبراطورية العثمانية (دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان ١٥١٤-١٨٥١)،ط١، مطبعة خاني،دهوك، ٢٠٠٨،ص٢١٤.

44. بڕوانە: مالميسانژ، مصدر سابق،ص٣٥-٣٧، ٦٤-٧٠.

45. سعد بشير أسكندر، مصدر سابق،ص٤٣.

ئەوەی سەبارەت بە خێڵ و پەیوەندی خێڵایەتی و سەرۆک خێڵی کورد دەگوترێ، تا ئەندازەیەکی گەورە بۆ میرنشینەکان و میرەکانیش راستی زۆری تێدایەو هەمانکات سیفەتی کاریزمابوون لە هەر یەکێک لە میرە کوردەکان وەردەگرێتەوە.

خێڵی کوردی ئەگەر ئازاو سوارچاکیش بوون، بەڵام ئازایەتی و چاونەترسیان بەبێ پلان بووەو زیاتر لە هەستی شەرەفپارێزی و دەمارگیری خێڵەکییەوە سەرچاوەی گرتووە. خێڵی کوردی بە میرنشینەکانیشەوە، پرسی داهاتوو نەبۆتە پرسێکی بایەخدار بۆیان و کاریان بۆ داهاتوو نەکردووە، خاوەنی عەقڵیەتێکی دووربین نەبوون تا بتوانن بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو پلانی ستراتیژی بۆ داهاتوویان دابنێن و رەنگڕێژی ژیانی ئایندەیان بکەن. لەمبارەیەوە (دانا ئادەمز) نوسیویەتی: "کورد وەک تاکە خێڵ بەرگریان کردووە، نەک وەک میللەت. هەندێکجار ئەو بەرگرییە شێوەی فیدراسیۆنی خێڵەکی وەرگرتووە، بەڵام ئەو کاتەش هەر نەیانتوانیوە لە ژێر دروشمێکدا، کە ناوەرۆکێکی نیشتمانی هەبێت، یەکبگرن"[46].

میرەکانی کورد لە کۆمەڵگەی میرایەتیدا دووربوون لەوەی هەڵگری سیفەتی سەرکردەی کاریزمی بن، ئەوان بەگوتەی (برونەسن)، بریتیبوون لە کۆمەڵێک میر، کە ژمارەیەک چەکداریان بە دواوە بووە، ئەو چەکدارانە زیاتر ملکەچ و گوێرایەڵی ئەوان بوون و خۆیان بە پابەندو وابەستەی ئەوان زانیوە وەک لە پەیوەندییە خێڵەکییەکان. دڵسۆزی و ئەمەکداری بۆ میر، رەنگە گرنگترین هۆکار بووبێ بۆ پابەندبوون بە یەکدی و راگرتنی میرنشینەکە. هەستکردن بە شکۆ و رێز و سەروەری دەسەڵاتداران لە سایکۆلۆژیای هەر کەسێکدا ئامادەبوونیکی گەورەی هەبووە. نەریتی شکۆ و پیرۆزی خانەوادە دەسەڵاتدارەکانی رۆژهەڵات لە نێو میرنشینەکانی کوردیشدا رەنگیدابۆوە. پێدەچێ هەر ئەمەش وایکردبێ، کە عوسمانی و ئێرانییەکان زۆرجار بە رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ میرنشینەکاندا کردووەو پێگەی خانەوادە دەسەڵاتدار و میرەکانیان پتەوتر کردووە، ئەگەر ئەو بەهێزکردنە رژاێتە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی یەکلاکردنەوەی ململانێ نێوخۆییەکانیشیان[47]

## باسی دووەم: کۆمەڵگەی تەریقەت، قارەمانی خانەقا

دوای لەناوبردنی دەسەڵاتی میرە لۆکاڵییەکانی کورد، جۆرێک لە بۆشایی دەسەڵات لە کوردستان دروست ببوو، کە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بەبێ ئامادەبوونی کورد خۆی، کارێکی ئاسان نەبوو. بە نەمانی دەسەڵاتی میرانی میرنشینەکانی کورد، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و خێڵەکانی کورد پشێوی و ئاڵۆزی زیاتری تێکەوت. دەوڵەتی عوسمانی بۆ چارەسەرو کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە رێگەی سەربازی هەڵبژارد، بەڵام پەلاماردانی سەربازی نەک دۆخەکەی چارەسەر نەکرد، بگرە ئاڵۆزتریشی کرد[48].

سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەند لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانی- ئێرانی بەسەر کوردستاندا بە مانای هەڕەشە بۆ سەر فۆرمی سەربەخۆییان و هێنانی ستەمی زیاتر بوو بۆ کورد، باج و سەرانەی زیاتر بەسەر خەڵکدا سەپێنرا، کاربەدەستانی بێگانە جێگەی کاربەدەستە ناوچەییەکانیان گرتەوە، پرۆسەی راپێچکردنی کوردان بۆ سەربازی، تەنگی بە لاوانی کورد

46. دانا آدمز شمدت، رحلة الى رجال شجعان في كردستان، ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله، ط٢، مطبعة وزارة التربية ، أربيل، ١٩٩٩،ص٧٨-٧٩.
47. برونەسن، سەرچاوەی پێشوو،ب٢،ل٩١.
48. جرجيس فتح الله، مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري،ط٢، مطبعة التربية، دار ئاراس ،أربيل،٢٠٠١،ص١٧.

هەڵچنیبوو، وێرای ئەمانە لە سنوری دەسەڵاتی قاجاریدا چەوساندنەوەی مەزهەبیش هەبوو[49]. جگە لە دیوی ناوەوەی دۆخەکە، لە دیوی دەرەوەشدا، جەنگەکانی عوسمانی- روسی[50]، کاریگەری نێگەتیڤی بەسەر قورسترکردنی ژیانی سیاسی و ئابووری کوردەکانەوە دانابوو[51].

هەموو ئەمانە هەرچی زیاتر دۆخی سیاسی و ئابووری عوسمانی لە ناوەوە بەرەو نابووتکردنی زیاتر دەبردو خەڵکانێک لە کوردستان بە هۆکاری برسێتی دەمردن، ئەمانە ناڕەزایەتی و بێ متمانەیی بەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانی بەرەو هەڵکشان دەبرد[52]، چونکە دەوڵەت لە بەرامبەر چارەسەرکردنی دۆخە خراپەکەدا دەستەوەستان بوو.

ئەگەر مێژوو بە مانایەکی ملکەچی پێداویستی بێت، ئەوا ئەم بۆشایی دەسەڵاتەی لە کوردستان دروست ببوو، هەروەها پێداویستی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەش ئەوەی دەخواست کەسێک جڵەوی ناڕەزایەتی دۆخی کوردی بە ئەستۆ بگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە مێژوویی و سۆسیۆلۆژییەی، کە پێویستی دەکرد ئەو کەسە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هێزی دروستکردنی جوڵەی تازەو رێبەرایەتیکردنی دۆخەکە و وەستانەوە بە رووی ستەمکاری هەبێت و، هەمانکات هەڵگری ئامانج و مژدەی نوێ بێت بۆ پێکهاتە ئایینی و خێڵەکییەکەی کۆمەڵگەی کوردی. لەم دۆخەدا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری وەک پیاوی پێویستی قۆناغە کوردییەکە دێتە پێش و دەچێتە ژێر باری گرانی بەرپرسیارێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەی مێژووی کورد و وەک رێبەرێکی بێ رکابەر، وەک کاریزمایەک لە نێو خانەقای نەقشبەندییەوە دێت و ئایین بە ناسیۆنالیزم و نەتەوە ئاوێتە دەکات.

بنەماڵەی شێخانی نەهری خاوەنی دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی گەورە بوون، لە رووی سەیدایەتییەوە نەسەبی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی[53]، لە رووی ئایینییەوە پیاوی ئایینی گەورەو بەناوبانگیان تێدا هەڵکەوتبوو، لە رووی مادییەوە خاوەنی گوندی زۆرو زەوی کشتوکاڵی فراوان بوون، دەسەڵاتی ئیرشادی تەریقەتیش پایەی ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، لە جاران بەهێزتر کردن. شێخ عوبەیدوڵڵا نەوەی ئەم بنەماڵە گەورەو خاوەن نفوزە بوو[54]. دوای مردنی هەر یەک لە شێخ محەمەد ساڵحی مامی لە ١٨٦٥ و شێخ سیراجودین لە ١٨٦٦، شێخ عوبەیدوڵڵا بۆتە تاکە شێخی ئیرشادی تەریقەت و لە

---

49. صالح محمد أمين، كوردو عەجەم (مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران)،چ١،ب.ج،١٩٩٢،ل١٥٢.

50. جگە لە هەشت جەنگی پێشتر، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەشدا، دوو جەنگی دیکە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی روسیای تزاریدا، روویانداوە. یەکەمیان، جەنگی ساڵانی ١٨٥٦-٨٥٣ بوو کە بە جەنگی کریمیا (قرم) ناسراوە، دووەمیشیان، جەنگی ساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨ بوو. كمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر،ص١٢٨.

51. م.س.لازارێف، کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، و: د.کاوس قەفتان، مطبعة الجاحظ، بغداد،١٩٨٩،ل٥٢-٥٣.

52. بۆ زیاتر بڕوانە: جەلیلی جەلیل، راپەڕینی کوردەکان ساڵی١٨٨٠، و: د.کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان،بەغدا،١٩٨٧، ل٦١-٧٠.

53. بنەماڵەی شێخانی نەهری سەرەتا لەسەر رێبازی تەریقەتی قادری بوون، دواتر بوون بە نەقشبەندی، بۆیە نەسەبی خۆیان بردۆتەوە بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی. بڕوانە: واسیلی نیکیتین، کورد و کوردستان، و: خالیدی حسامی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر،١٩٩٧،ل٦١٦؛ وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد (بنەما و پەرەسەندنی)، و: د.یاسین سەردەشتی،چ١،چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل١١١؛ سادقی شەرەفکەندی، کورتەی مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی کورد، و: تەها عەتیقی، چاپخانەی ئاپیک، ستۆکهۆلم،١٩٩٥،ل٣٦-٣٧.

54. صالح محمد أمين، سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٤.

نەهرییەوە رێبەرایەتی جەماوەرێکی بەرفراوانی کردووە، کە خۆی لە سەدان مەلا و ئاغاو سەرۆک هۆزو مریدو سۆفی لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان و وڵاتانی ئیسلامیدا دەبینییەوە[55].

شێخ عوبەیدوڵڵا پیاوێکی خاوەن نفوزو بە دەسەڵات بوو، شارەزای زانستەکانی عیرفان و ئایین و خوێندەوارێکی باش بووە، لە دوورخستنەوەی ستەم و زۆرداری لە بێ دەسەڵاتان مرۆڤێکی گەورەو دادپەروەر بووە[56]. جگە لەوەی دەرەبەگێکی گەورە بوو، تەریقەتی نەقشبەندیش رۆڵی کاریگەر و گرنگی هەبوو لەوەی لە نێو کورد و نەقشبەندییەکاندا ببێتە کەسی ژمارە یەکی رۆژگارەکەی.

بەشی گەورەی خەڵکی کورد بەجۆرێک پروایان بە شێخ عوبەیدوڵڵا هێنابوو، پێیانوابوو کە خودا بە تایبەت ئەو پیاوەی وەک فریادرەسێک بۆ رزگارکردنی ئەوان ناردووە، کوردان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیان بۆ رێنمایی و فەرمانەکانی شێخ، بە روونی ئەوەیان پیشاندەدا. کوردەکان فەرمانەکانی شێخ عوبەیدوڵڵایان بە دڵ و بە گیان جێبەجێ دەکردو ئامادەییان هەبوو لە پێناویدا سەرو گیانیان بکەنە قوربانی.

عوبەیدوڵڵا پیاوێکی زاهیدو گۆشەگیری دوور لە خەڵک و ژیانی کۆمەڵایەتی نەبووە، تا لە گۆشەیەکی خانەقاکەیەوە بە تەنها خەریکی نوێژ و رۆژو و زیکرو نزاو پاڕانەوە لە خودا بێت بە ئامانجی بەهێزکردنی قاچەکانی کورسی خەلافەت و دواتریش هەر بە زەبری دوعا خوێندن دوژمنانی ئیسلام لەناوبەرێت. شێخ جگە لەوەی رێبەری تەریقەتێکی خاوەن نفوزو پێگەی کۆمەڵایەتی گەورەی وەک نەقشبەندی بووە، کەسایەتییەکی سیاسی و تێکۆشەرێکی نەتەوەییش بووە. ئەو پیاوێک بووە سیاسەتی کردووە، جوڵەو چالاکی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ کونسوڵخانەو نوێنەرانی وڵاتانی گەورەی دونیادا هەبووە، تەریقەتی سۆفیزمی لە خانەقاو تەکیەکان هێنایە دەرو بەرگێکی سیاسی- نەتەوەیی بە بەردا کرد. ئەو لە نێو کۆمەڵێکی خێڵەکی- دەرەبەگیدا دێت و پرسی کوردان لە رێگەی گوتارێکی ئایینی- نەتەوەیی بۆ یەکخستنی کورد لە قەوارەیەکی سەربەخۆ بە بەکارهێنانی زاراوەکانی نەتەوەو نیشتمان و جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندییە کەلتوری و نەتەوەییەکانی کورد دەخاتە روو، هەر وەکچۆن لە نامەکەی بۆ (د.کۆچران) و دروشم و ستراتیژی راپەڕینەکەیدا بە روونی ئەوە دەبینرێت[57].

وەک بەشی زۆربەی گەلانی دونیا، پروابوون بە رۆڵی پاڵەوان و زۆرجاریش بەرزکردنەوەی تا ئاستی بە پیرۆز بینین، یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریش بوو، کە رەنگە

---

55. محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری١٨٨٠ لە بەڵگەنامەی قاجاری دا،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر، ٢٠٠٠،ل٤٦.

56. وەفایی، بیرەوەریەکانی وەفایی (تحفة المريدين)، گردوکۆی: قازی محەمەد خزر، و: محەمەد حەمە باقی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،هەولێر،١٩٩٩،ل٣٥-٣٦؛ محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری،ل٤٧،٤٥؛ نامەی ژمارە (٨) هاوپێچی (٣) بۆ کونسوڵی گشتی ئابۆت (ورمێ ٨ تەمموز ١٨٨٠).لە: لە تاریکیەوە بۆ رووناکی (بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠)، و: جەمال میرزا عەزیز، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،١٩٩٩،ل١٧-١٨.

57. عبدالرؤوف سنو، عبدالرؤوف سنو، النزعات الكيانية الاسلامية في الدولة العثمانية ١٨٧٧-١٨٨١(بلاد الشام- الحجاز- كردستان- ألبانيا)،ط١،بيسان للنشر والتوزيع،بيروت،١٩٩٨،ص١٢٣. بۆ نامەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ دکتۆر (جەیمس.پی.کۆچران)ی مسیۆنێری ئەمریکی، پروانە: نامەی ژمارە (٦١) هاوپێچی (٣) لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ د.کۆچران (٥ تشرینی یەکەمی ١٨٨٠). لە: لە تاریکیەوە بۆ رووناکی، ل٨٥-٨٦؛ دۆسیەی ژمارە (٣)ی کارتۆنی ژمارە (٦١) لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ د.کۆچران (١٨٨٠/١١/١٠)، تورکیا، ژمارە (٣)، ١٨٨١،ل٤٧. لە: وەدیع جوەیدە، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکی و بەریتانی دا، و: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٧،ل٢٥. شایانی باسە کە ئەم دوو سەرچاوەیە دوو رۆژ و دوو مانگی جیاوازیان وەک کاتی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ د.کۆچران ئاماژە پێکردووە.

زێدەگۆیی نەبێ ئەگەر بڵێین ئەم خەسڵەتە بە فۆرمی جیا جیا لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا لە ئێستایشدا، کە لە گرێی دووەمی سەدەی بیست و یەکدا دەژین، ئامادەبوونێکی گەورەی هەیە.

زۆرێک لە گەلانی دونیا لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیاندا بە نێو فەزای چاخی پاڵەوانیتیدا تێپەڕبوون و وەک ڤیکۆ دەڵێت: "هەموو شتێکیان پاڵەوانانە بووە"[58]. لەو رۆژگارانەدا کەسی پاڵەوان، کاریزما، وەک فریادڕەس بینراوەو کۆی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە رەنگی خۆی رەنگ کردووە. بەگوێرەی ئەوەی کە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردی لە رۆژگاری ژیانی شێخ عوبەیدوڵڵادا لەوپەڕی خراپی و نابووتیدا بوو، لە هەر کاتێک زیاتر بیرو خەیاڵیان بە دوای کێشانی وێنەی قارەمانێکەوە بووە، کاریزمایەک کە دەستیان بگرێ و بیانگوازێتەوە بۆ ژیانێکی باشترو ئارامتر، کورد لەو کاتەدا وێڵی دوای دەرکەوتن یان دروستکردنی رێبەرێکی کاریزمایی، یان رزگارکەرێک بووە. شێخ عوبەیدوڵڵا تا ئاستێکی باش لە دیدی ژمارەیەکی بەرفراوانی خەڵکی کورد، بوو بەو رێبەرە کاریزمایی و فریادڕەسە، کە توانای شکاندنی تینوێتی خەڵکی هەبێت.

لە بینینی خەڵکی ئیماندارو خێڵەکیانی کورد، عوبەیدوڵڵا ئەو کەسایەتی و رێبەرە خاوەن نفوزو بەهێزە بوو، کە لە توانایدا بوو ببێتە بزوێنەری مێژوو و دۆخی گشتی کۆمەڵگەی کوردی لە دونیایەکی پر لە پشێوی و نابووتیدا بگوازێتەوە بۆ دونیایەکی دیکە، لە ئاستێکی خراپی ژیانەوە بیانگوازێتەوە بۆ ئاستێکی باشتر، کە پڕ بێت لە ئاسوودەیی و دادی کۆمەڵایەتی، تایبەت کە عوبەیدوڵڵا کوری شێخ تەهای سەرۆکی بنەماڵەی شەمزینییەکان و میراتگری ئایینی و ناو و ناوبانگی خێزان و بنەماڵەکەیان بوو لە دونیای رۆحی و مادیدا.

لە رۆژگاری شێخ عوبەیدوڵڵادا، هێشتا پێکهاتە خێڵەکی و دەرەبەگییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، رەنگرێژی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکرد، بەڵام ئینتیمایەکی گەورەتر لە ئینتیمای خێڵ دەرکەوتبوو، ئەویش ئینتیمای پیرو مریدان بوو، ئینتیمای بەشی هەرە گەورەی خەڵکی کورد بوو، بۆ خانەقاو تەکیەکان، بۆ شێخانی تەریقەتەکانی سۆفیزم.

دەسەڵاتی شێخی تەریقەت پێچەوانەی دەسەڵاتی سەرۆک خێڵ، تەنانەت پێچەوانەی دەسەڵاتی میرەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەش، پابەندی سنورێکی جوگرافی بەرتەسک و خێڵێک یان چەند خێڵ و بنەماڵەیەکی دیاریکراو نەبوو. دەسەڵاتی شێخ نە تەنها سنورە جوگرافی و کۆمەڵایەتییە لۆکاڵییەکەی خێڵ، بەڵکو سنوری دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانیشی تێدەپەڕاند، چونکە خەلیفەو مریدو پەیڕەوانی تەریقەت لە نەتەوەو سنوری جیاوازەوە دەهاتن. لێرەوە لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر بۆ شێخان و لە هەر بنەماڵەو خێزانێکیش زیاتر بۆ بنەماڵەو خێزانی ئەوان زەمینە لەباربوو بۆ بینینی رۆڵێک، کە چۆن حەز بکەن بیبینن، چونکە زەمینە بابەتییەکە تینووی دەرکەوتنی قارەمانێک، کاریزمایەک بوو، تا بە دیدی قارەمانانە مێژوویان بۆ بنوسێتەوە. لە هەر کەسێک زیاتربۆ شێخان ئاسان و بێ کێشەتر بوو، بتوانن هۆش و بیرکردنەوەی پێکهاتە خێڵەکییە سادەو نەخوێندەوارەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەو رۆژگارە داگیربکەن و لە گوێڕایەڵی و ملکەچی تەواودا بیانهێڵنەوە. بۆیە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی لەبارو گونجاو هەبوو تا شێخ عوبەیدوڵڵا بتوانێت وەک رێبەرێکی کاریزمایی دەربکەوێت و رۆڵ ببینێت، بەجۆرێک وێڕای ئەرکی ئایینی و تەریقەت، ئەرکی سیاسی و نەتەوەییش بە ئەستۆ بگرێت و

58. پروانە: عطيات محمد أبو السعود، فلسفة التاريخ عند جامبا تيستا فيكو، دار التنوير،بيروت،٢٠٠٦،ص٩٠-٩٨.

ڕێبەرایەتی گەورەترین ڕاپەڕینی کوردی نە تەنها لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، بەڵکو لە تەواوی مێژووی کورد تا ئەو ڕۆژگارە، بە دژی هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بکات.

پرواى خەڵکی کورد بە شێخ عوبەیدوڵڵا گەیشتبووە ڕادەیەک، کە شێخ نێردراوێکی خوداییەو بە ڕۆحێکی پیرۆزیان دەزانی و باوەڕیان بە پەرجووە ئەفسانەییەکانی دەکرد، لە ڕاستیشدا عوبەیدوڵڵا هەر وەک شێخانی دیکەی تەریقەت، هەر بەمجۆرە سەیری خۆی دەکردو لەو باوەڕەدا بوو، کە کەسی فریادڕەس و هەڵبژێردراوی ڕۆژگارەکەیەتی بۆ باشکردنی بارودۆخەکە، هەڵگری مژدەی گەورەو خاوەن پەیامی پۆزەتیڤی ژیانە، هەر وەکچۆن شوێنکەوتووان و پەیرەوانی بەمجۆرەیان دەبینی[59].

لە بارودۆخی پڕ لە ئاڵۆزی و نابووتی کوردستاندا، دەرکەوتنی ڕێبەرێک، کە بە زمانی پەیامبەران بدوێت و بە فەرمانی سوڵتانی ڕەفتار بکات و وەڵامدەرەوەیەکی پڕ لە سۆزو گونجاوی پێداویستی کۆمەڵگەکەی بێت، دەیتوانی کاریگەری قوڵ و گەورە بەسەر کۆی پرۆسەکەو داگیرکردنی هۆش و بیرکردنەوەی خەڵکەکەو کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیا جیاکانی خەڵکی کوردستانەوە دابنێت[60]. جۆرج کیرزن، لەبارەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە نوسیویەتی: "سەرۆکێک کە ناوی شێخ عوبەیدوڵڵایە، بەهۆی پیرۆزی کەسایەتییەوە ناوبانگێکی مەزنی هەیەو... بە وێنەی ڕێبەریکی نەتەوایەتی کورد دەبینرێت"[61]. (س.ج.یلسن)یش گوتوویەتی: "ئەو لە دوای سوڵتان و شەریفی مەککە، پیرۆزترین کەسایەتی لە نێو سوننەکانی کوردستاندا هەیە، هەزاران کەس ئامادەی شوێنکەوتنین، نە تەنها وەک سەرۆکێک، بەڵکو وەک پەیامبەرێکی خودا"[62].

ئەم نفوزو بە پیرۆز بینینەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە نێو کورددا، لە نێو ڕاپۆرتەکانی وڵاتانی ئەوروپاییشدا ئاماژەی بۆ کراوە. وەک ئەوەی ڕاپۆرتێکی کونسوڵی بریتانیا نوسیویەتی: "شێخ عوبەیدوڵڵا بە نفوزترین کەسە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، شەخسی خۆی و دەسەڵاتەکەی لە نێو کوردانی سنوردا زۆر لە هی سوڵتان پیرۆزترە"[63]. سەرچاوە ڕوسیەکانیش بە "بەناوبانگترین ڕێبەری ڕۆحی کورد" ناویان بردووە[64].

کەسایەتی کاریزمایی شێخ عوبەیدوڵڵا بە ئەندازەیەک گەورە بوو، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا کەس نەبوو بتوانێ هاوشانی بوەستێ، بەجۆرێک دوای شکستخواردنیشی لە ئێران، کاتێک بەرەو پایتەختی عوسمانی دەبرا، بە هەر شوێنێک گەیشتبا لە وێنەی قارەمانێک پێشوازی لێدەکرا[65].

مێژوو باسێکی لە بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵا بەر لە خۆی، لە بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کورددا نەکردووە، بۆیە ئەوەی عوبەیدوڵڵا لە خێزان و بنەماڵەکەیەوە بۆی ماوەتەوە، بریتییە لە

---

59. وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد،ل١٧٢-١٧٣؛ پ.ی.ئەڤیریانۆڤ، کورد لە جەنگی ڕوسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، و: ئەفراسیاو هەورامی، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی،٢٠٠٤،ل٢٤٠.

60. وەدیع جوەیدە،هەمان سەرچاوە،ل١٧٢.

61. لە: هەمان سەرچاوە،ل١٧٣.

62. لە: هەمان سەرچاوە،ل١٧٣.

63. بڕوانە: نامەی ژمارە (٢٢) هاوپێچ لە مەیجەر ترۆتەرەوە بۆ مستەر گۆشن (پیرابیا ٢٠ تشرینی یەکەمی ١٨٨٠). لە: لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی،ل٢٨-٣٠؛ وەدیع جوەیدە، شۆرشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکی و بەریتانی دا، ل١٤.

64. بڕوانە: عبدالرؤوف سنو، مصدر سابق، ص١١٨.

65. وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، ل٦٩.

پاشخانە ئایینی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكە، ئەوە كەسایەتی و توانا شەخسییەكانی عوبەیدوڵلا خۆیەتی وا دەكات وێرای ئەو پێگەیەی بە شێوەیەكی بۆماوەیی وەریگرتووە، پێگەی نەتەوەییشی لە ڕێی ڕێبەرایەتیكردنی ڕاپەڕین و وەستانەوە بە دژی ستەم و بێدادی ئێرانی-عوسمانی لە رووی سیاسییەوە بەهێز بكات.

مریدەكان لە خانەقاكەی شێخ عوبەیدوڵلا كۆدەبوونەوە، خەلیفەكان و نوێنەرانی دیكەی تەریقەت بە نێو خانەقاو تەكیەكاندا بڵاوبوونەوە، شێخ لە ڕێی ئەمانەوە نفوزی ئایینی و كۆمەڵایەتی خۆی فراوانتر دەكردو بیروباوەڕی سیاسی خۆیشی لەسەر بناغەیەكی ئایینی-نەتەوەیی دادەڕشت، چونكە وەك وەدیع جوەیدە نوسیویەتی: "عوبەیدوڵلا هەر دوو كەسایەتی ڕێبەری نەتەوەیی و ئایینی لە خۆیدا كۆكردبۆوە"[66].

ناوی شێخ عوبەیدوڵلا ببوو بە سیمبولی ڕێزو خۆشەویستی، لەگەڵ ناوهێنانیدا خەڵكی بەڕێزەوە لە جێگەی خۆیان هەڵدەستانە سەرپێ، ناو و ناوبانگی گەیشتبووە ئاستێك هەزاران كورد لە ناوچە جیا جیاكانی كوردستانەوە نە تەنها رووی تێبكەن و پشتگیری خۆیانی بۆ دەربڕن، بەڵكو وەك "باوك" واتە "باوكی كوردان"یشیان دەناسی[67].

وێرای ئەمانە، شێخان لە ڕێی كەشف و كەراماتەوە وەك كەسانی پیرۆز و توانای ناسروشتی دەبینران، كە هێزو توانایەكی نائاسایی و پەرجووئاسایان هەیە. ئەمەش وایكردبوو وەك كەسی پیرۆز ببینرێن، تەنانەت وەك كوینت (Quinet) دەڵێت: "مرید و شوێنكەوتووانیان لەو باوەڕەدا بوون، كە شێخەكان لەگەڵ پیاوچاكانی ئیسلام و تەنانەت لەگەڵ خوداوەندیشدا لە پەیوەندییەكی رۆحیدان. ئەوان پروایان وایە شێخ كەسێكی پارێزراوەو كەس ناتوانێ زیانی پێبگەیەنێت، توانای ئەنجامدانی كاری نائاسایی هەیەو دوعای شێخ چارەسەرە بۆ هەر نەخۆشییەك"[68]. شوێنكەوتووانی شێخ و هەموو ئەوانەی بێ بیركردنەوە پروایان بە توانا نائاساییەكانی شێخان هەبوو، هەمیشە بە سادەیی خۆیان، لە هەوڵی تۆخكردنەوەی ئەو بازنە پیرۆزەدا بوون، كە بە دەوری پیرۆزی عەباكەی شێخی تەریقەتدا كێشابوویان. لە هەر كوێیەك، لە هەر دانیشتن و كۆڕو كۆبوونەوەیەكدا، گوتنی وشەیەك، داڕشتنی رستەیەك، خوێندنەوەی پەرەگرافێك، چووێتە خزمەتی گەورەتركردنی ئەو پیرۆزییەوە، بەبێ دوو دڵی دەیانكرد. ئەوە ئەوان بوون پروایان بەوە هێنابوو، كە شێخ بەبێ ئەوەی زمانەكەت فێربووبێ، دەتوانێ لێت تێبگات، بەبێ ئەوەی خوێندبێتی، هەموو زانستێك دەزانێ، تەنانەت دەزانێ چیت لە نێو دڵدایە، ئەگەر نیازت بێت پرس و راوێژی پێبكەیت، بەبێ ئەوەی زار بكەیتەوە، وەڵامت دەداتەوە، چونكە بەر لە قسەكردنت دەزانێ چی دەڵێی، دەچێتە خەوی خەڵكەوەو بە رۆژیش لە بەردەمیاندا ئامادە دەبێت[69] .

هەموو ئەمانە پێماندەڵێن، كە زەمینەیەكی بابەتی لەبار بۆ بە قارەمانكردنی شێخی تەریقەت ئامادەبوو، زەمینەیەك كە ئەگەر شێخ، ئایینی بە بەرگی نەتەوەییش رووپۆش نەكردبا، دەیتوانی بەهێزەوە وەك كاریزمایەكی رۆحی لە گۆڕەپانەكەدا بمێنێتەوەو بەپێی روانین و دونیابینی تایبەتی خۆی وەك گەمەكەری سەرەكی نێو كۆمەڵگە درێژە بە زاڵبوونی هەژموونی خۆی بەسەر كۆی

66. وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی كورد،ل١٧٢-١٧٣.
67. جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی كوردەكان ١٨٨٠،ل١٠٧.
68. پڕوانە: وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی كورد،ل١١٩-١٢٠.
69. هەمان سەرچاوە،ل١٢٠.

ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریدا بهێڵێتەوە، واتە وەک کاریزمایەک لەلایەکەوە زەمینە بابەتییەکە بۆ لە دایک بوونی لەبار بوو، لەلایەکی دیکەوە، بە تواناى کاریزمایی خۆی دەیتوانی بە باشی کار بۆ هەرچی زیاتر کوشتنی بیرکردنەوەو داگیرکردنی هۆشی ئەندامانی کۆمەڵگەکەی بکات.

سەرەنجامی هەموو ئەمانە، شێخی تەریقەت دەیتوانی پیرۆزی و هێزێکی کاریزمایی گەورە لە ڕێی سەرمایەی ڕەمزی ئایینییەوە بە دەست بهێنێت، بەمجۆرە دەسەڵاتێکی ڕەهاو بێ لێپرسینەوەی بەسەر کۆی پەیرەوانی و شوێنکەوتووانیدا دەبوو، هیچ جۆرە بەرهەڵستی و بەرگرییەکی ناوەکی لە بەرامبەر هێزی کاریزمایی ئەودا تواناى سەرکەوتن لە کێبرکێی نەدەما، شوێنکەوتووانی دەچوونە نێو دۆخی ملکەچی و گوێڕایەڵی تەواو و لە دەستدانی هەر جۆرێک لە پرسیارو بیرکردنەوە، کە گەردێک بخاتە سەر قسەو جوڵەو ڕەفتاری شێخ. ئەوان ڕازیبوون بە مانەوە لە حاڵەتی سڕبوونی بیرکردنەوەو هۆشکوژیدا، ڕازیبوون بە خولانەوە لە بازنەی داخراوی پیرۆزییەکانی شێخدا. پەیڕەوانی شێخ ئامادەی پێشکەشکردنی هەر جۆرێک لە قوربانی و، شێخیش لە کاتی پێویستدا بەبێ دوو دڵی داوای هەر جۆرێک لە قوربانی لێدەکردن، کە ڕەتکردنەوەی نەبوو. لێرەوە دەرکەوتنی هەر کەس و گروپێک لەو ڕۆژگارەدا، کە گەرەکی بووبێ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا و هێز و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەودا بکەوێتە ململانێوە، کارێکی قورس و دوور لە چاوەڕوانی سەرکەوتن بوو، بۆیە ڕۆژگاری دەسەڵات و هەژموونی شێخ عوبەیدوڵڵا لە کوردستان وەک ڕۆژگاری بێ ململانێ و بێ ڕکابەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت.

دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لەلایەک، پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵا و دواتریش تواناو بەهێزی کەسایەتی خۆی، لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەمانە بە یەکەوە یارمەتیدەر بوون لە بە کاریزماکردنیدا، کاریزمایەک، کە هەرچی زیاتر لە نێو دۆخێکی نائاسایی و لە نێو پێگەی خێزان و بنەماڵەو لە نێو تەریقەت و خانەقای نەقشبەندییەوە سەری دەرهێنابوو. لە دۆخی ئاساییدا، کاریزمای لەمجۆرە، لانیکەم لە دۆخێکدا کە هێزی دروستکردنی ڕووداوی نوێی نەبێت، نەتوانێت هەڵگری پەیام و مژدەی نوێ بێت، قورسە بتوانێت تا ماوەیەکی درێژخایەن چانسی سەرکەوتنی هەبێت، بە مانایەکی دیکە ئامادەنەبوونی زەمینەی لەباری مادی و شکستی تواناى کاریزمایی سەرکردە وەک (ڤیبەر) دەڵێت: دەبێتە هۆی نەمانی دەسەڵاتی کاریزمایی[70].

## سەرچاوەکان


١ . پ.ی.ئەڤیریانۆڤ، کورد لە جەنگی ڕوسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، و: ئەفراسیاو هەورامی، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی،٢٠٠٤.

٢. د.جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، و: د.کاوس قەفتان، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٧.

٣. د.جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی١٨٨٠، و: د.کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان،بەغدا، ١٩٨٧.

٤. حەسەن ئەرفەع، کوردەکان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی)، و: سەردار محەمەد،چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠١.


70. لە: د.وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد،ل١٢٣.

٥. سادقی شەرەفکەندی، کورتەی مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی کورد، و: تەها عەتیقی، چاپخانەی ئاپیک، ستۆکهۆلم،١٩٩٥.
٦. سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حزنی موکریانی، کۆکردنەوەو لە چاپدانی:دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، پێداچوونەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە و فەخرەدین ئامێدیان، ب٢،چ١،هەولێر،٢٠٠٧.
٧. شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، و: هەژار، چاپخانەی نعمان، نەجەف،١٩٨١.
٨. صالح محمد أمين، کوردو عەجەم (مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران)، چ١، ب.ج، ١٩٩٢.
٩. د.عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد،چ٣، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،سلێمانی،١٩٩٨.
١٠. کلۆدیۆس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی،چ٣، چاپخانەی وەزاەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٢.
١١. لە تاریکیەوە بۆ رووناکی (بەڵگەنامەکانی شۆرشی١٨٨٠)، و: جەمال میرزا عەزیز،چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،١٩٩٩.
١٢. مارتین ڤان برونەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ، ب١، چ٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،١٩٩٩.
١٣. مارتین ڤان برونەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و: د.کوردۆ عەلی، ب٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٣.
١٤. مەستورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەڵان، و: حسن جاف و شکور مصطفى،چ١،دارالحرية للطباعة، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٢.
١٥. محەمەد حەمە باقی، شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری١٨٨٠ لە بەڵگەنامەی قاجاری دا،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر،٢٠٠٠.
١٦. محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ١٧٩٩-١٨٤٧، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٢.
١٧. د.محەمەد کەمال، هایدیگەرو شۆرشێکی فەلسەفی،چ١،چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٧.
١٨. م.س.لازارێف، کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، و: د.کاوس قەفتان، مطبعة الجاحظ، بغداد،١٩٨٩.
١٩. نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا، چ٢، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢٠. واسیلی نیکیتین، کوردو کوردستان، و:خالیدی حسامی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،١٩٩٧.
٢١. وەدیع جوەیدە، شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکی و بەریتانی دا، و: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، بڵاوکراوەی کۆری زانیاری کوردستان،هەولێر،٢٠٠٧.
٢٢. د. وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد (بنەماو پەرەسەندنی)، و: د.یاسین سەردەشتی،چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی،٢٠٠٨.
٢٣. وەفایی، بیرەوەریەکانی وەفایی (تحفة المريدين)، گردوکۆی: قازی محەمەد خزر، و: محەمەد حەمە باقی،چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،هەولێر،١٩٩٩.

٢٤. ی.ئی.ڤاسیلیەڤا، كوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە (كورتەیەكی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان)، و: رەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر،١٩٩٧
٢٥. باسيلى نيكيتين، الكرد (دراسة سوسيولوجية وتاريخية)،ت: د.نوري طالباني، تقديم: لويس ماسينون، ط٣، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر،السليمانية،٢٠٠٧.
٢٦. د.بلەج شيركوه، القضية الكردية (ماضي الكرد وحاضرهم)، مطبعة السعادة، مصر،١٩٣٠.
٢٧. جرجيس فتح الله، مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري، ط٢، مطبعة التربية، دار ئاراس، أربيل،٢٠٠١.
٢٨. جمال نبز، الأمير الكردي مير محمد الرواندوزي الملقب ب(ميري كوره)،ت: فخري سلاحشور، منشورات الأكاديمية الكردية للعلم والفن-ستوكهولم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،١٩٩٤.
٢٩. جيمس بيلي فريزر، رحلة فريزر الى بغداد سنة ١٨٣٤م، ت: جعفر الخياط، ط1، الدار العربية للموسوعات، بيروت،2006.
30. حسين ناظم بيگ، تاريخ الامارة البابانية، ت: شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكريم المدرس،ط١، مطبعة وزارة التربية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر،أربيل،٢٠٠١.
٣١. دانا آدمز شمدت، رحلة الى رجال شجعان في كردستان، ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله، ط٢، مطبعة وزارة التربية،أربيل،١٩٩٩.
٣٢. زبيربلال اسماعيل، أربيل في أدوارها التاريخية (دراسة تاريخية عامة لأربيل وأنحائها منذ أقدم العصور حتى الحرب العالمية الأولى)، مطبعة النعمان، النجف،١٩٧١.
٣٣. ستيڤن هيمسلي لونگريک، أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، نقله الى العربية: جعفر الخياط، ط٥، دار الرافدين للطباعة والنشر، بيروت،٢٠٠٤.
٣٤. د.سعد بشيرأسكندر، قيام النظام الاماراتي في كردستان وسقوطه مابين منتصف القرن العاشر ومنتصف القرن التاسع عشر،ط٢، مطبعة شڤان، بنكەی ژین، السليمانية،٢٠٠٨.
٣٥. د.سعدي عثمان هروتي، كوردستان والامبراطورية العثمانية (دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان ١٥١٤-١٨٥١)، ط١، مطبعة خاني، دهوك،٢٠٠٨.
٣٦. د.عبدالرؤوف سنو، النزعات الكيانية الاسلامية في الدولة العثمانية ١٨٧٧-١٨٨١(بلاد الشام-الحجاز-كردستان-ألبانيا)،ط١، بيسان للنشر والتوزيع، بيروت،١٩٩٨.
٣٧. د.عطيات محمد أبو السعود، فلسفة التاريخ عند جامبا تيستا فيكو، دار التنوير، بيروت،٢٠٠٦.
٣٨. د.كمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، مطبعة أركان، بغداد،١٩٨٥.
٣٩. مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان، ت: شكورمصطفى، ب.م، هەولێر،١٩٩٨.
٤٠. محمد أمين زكي، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من أقدم العصور حتى الآن، ت: محمد علي عوني، بغداد،١٩٦١.
٤١. ميجرسون،رحلة متنكرة الى بلاد مابين النهرين وكردستان،ت: فؤاد جميل،ج٢،ط١،بغداد، ١٩٧١.
٤٢. www.wikipedia.org